# وەقایعی کوردستان

رۆژنامەی ڕەسمیی هەرێمی کوردستانە - وەزارەتی داد دەری دەکات

ژمارە (٣١٥) ساڵی بیست وچوار ١٢ شوبات ٢٠٢٤زایینی ٢٣ ڕێبەندان ٢٧٢٣ کوردی ٢ شەعبان ١٤٤٥ کۆچی

315

**ڕێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٤ وەزارەتی کشتوکاڵ وسەرچاوەکانی ئاو** لا ١
تایبەت بە پێدانی مۆڵەتی دامەزراندنی هەنگەڵان

**ڕێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٤ دەستەی پاراستن و چاکردنی ژینگە** ٤
پۆلێنی پڕۆژەکان و ڕەزامەندی ژینگەیی لە هەرێمی کوردستان- عێراق

**بەیانی ژمارە (١ و ٢)ی ساڵی ٢٠٢٤ وەزارەتی داد** ٤٨

Address: Franswa Metran Cross
www.gov.krd/moj , www.yasaii.info

ناونیشان: هەولێر - چوارریانی فرەنسوا میتران - باڵەخانەی وەزارەتی داد
تەلەفۆن: ٠٦٦ ٢٢٤ ٥٥٠٨ - ٠٦٦ ٢٢٤ ٥٥٠٧ - ٠٦٦ ٢٢٤ ٥٥١٤

The Weekly Formal Newspaper of Kurdistan Region , Published by Ministry of Justice

# وقائع كوردستان

الجريدة الرسمية لأقليم كوردستان - تصدر من قبل وزارة العدل

العدد (٣١٥) السنة رابعة وعشرون ١٢ شباط ٢٠٢٤ م. ٢٣ رێبەندان ٢٧٢٣ ك. ٢ شعبان ١٤٤٥ هـ.

315

| فهرست المواضيع باللغة الكوردية فقط | ص |
|---|---|
| تعليمات رقم (١) لسنة ٢٠٢٤ وزارة الزراعة و الموارد المائية | ١ |
| تعليمات رقم (١) لسنة ٢٠٢٤ هيئة حماية و تحسين البيئة | ٤ |
| بيان رقم (١ و ٢) لسنة ٢٠٢٤ وزارة العدل | ٤٨ |

No. 315 Date:February 12, 2024 - Vol.: 24

چاپخانەی شەهاب - هەولێر
٠٧٥٠ ٤٤٨ ٣٨٦٣

Address: Franswa Metran Cross
www.gov.krd/moj , www.yasaii.info

العنوان - أربيل - تقاطع فرانسوا ميتران - بناية وزارة العدل
تلفون: ٠٦٦ ٢٢٤ ٥٥٠٨ - ٠٦٦ ٢٢٤ ٥٥٠٧ - ٠٦٦ ٢٢٤ ٥٥١٤

**وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو**

**ژمارە: ٧٨٨ لە ٢٠٢٤/١/٢٨**

پاڵپشت بە بڕگەی(سێیەم) لە ماددەی (پێنجەم) لە یاسای وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو لە هەرێمی کوردستان - عێراق ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠١٠ ، ئەم ڕێنماییەی خوارەوەمان دەرکرد.

**ڕێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٤**
**تایبەت بە پێدانی مۆڵەتی دامەزراندنی هەنگەڵان**

**ماددەی (١):**

**بۆ دامەزراندنی هەنگەڵان پێویستە ئەم مەرجانەی خوارەوە بێنەدی:**

**یەکەم:** خاوەن پڕۆژە ئەزموونی لە بەخێوکردنی هەنگ هەبێت شارەزا بێت و بە نوسراوێکی هۆبەی پاراستنی ڕووەک لە بەڕێوەبەرایەتی یان بەشی کشتوکاڵی ناوچەی پەیوەندیدار پشتگیری بکرێت.

**دووەم:** پێویستە سەرچاوەی خۆراک و گوڵ و پاوانی سروشتی هەبێت.

**سێیەم:** دووریەکانی دامەزراندنی هەنگەڵان بە لایەنی کەمەوە بەم شێوەیە دەبێت:

أ- دووری هەنگەڵان لە سنووری شارەوانی پارێزگاو ئیدارە سەربەخۆکان (١کم)یەک کیلۆ مەتر بێت.

ب- دووری هەنگەڵان لە کۆمەڵگەی نیشتەجێ و سنوری شارەوانی قەزاو ناحیەکان، و لە ڕێگەی سەرەکی (٥٠٠م)پێنج سەد مەتر بێت.

ت- دووری هەنگەڵان لە گوند (١٥٠م) سەدو پەنجا مەتر.

ث- دووری هەنگەڵان لە ڕێگەی لاوەکی (٧٥م) حەفتاو پێنج مەتر ، وە لە ڕێگەی گوند (١٠٠م) سەد مەتر بێت.

ج- دووری نێوان دوو هەنگەڵان (٢ کم) دوو کیلۆمەتر بێت.

**چوارەم:** ڕووبەرەکەی پێویستە لە (١) یەک دۆنم کەمتر نەبێت.

**پێنجەم:** ئاراستەی هەنگەڵان پێویستە بەرەو ڕووی باشور یان باشوری خۆرهەڵات بێت.

**شەشەم:** ژمارەی پورە هەنگەکان لە کاتی پێشکەش کردنی داواکاریەکە نابێت لە (٥٠) پەنجا پورە هەنگ کەمتر بێت.

**ماددەی (٢):**

ڕێگە دەدرێت بە دامەزراندنی پڕۆژەی هەنگ لەسەر زەوی موڵک یان زەوی میری یان گرێبەستی کشتوکاڵی یان بڕیاری دابەش کردن بەپێی یاسای چاکسازی کشتوکاڵی ژمارە (١١٧) ساڵی (١٩٧٠)ی هەموار کراو، و یاسا بەرکارەکانی دیکە، کە مافی بەکارهێنانی هاوڵاتیانی لەسەرە.

**ماددەی (٣):**

**یەکەم:** خاوەن پرۆژە داواکارییەک پێشـکەش بە بەڕێوەبەرایەتی گشـتی کشـتوکاڵی پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان دەکات.

**دووەم:** لیژنەیەک کەپێک هاتبێت لە نوێنەری هەر یەک لە (پاراستنی ڕووەک و زەوی وزار) و رووپێوێک لە بەش یان بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵی ناوچەکە هەڵدەستێت بە پشکنین و ئامادەکردنی نەخشەی پێوانەکاری و کۆنوو سی تایبەت بە ژمارە و پارچە و کەرتی زەوییەکە و شوێنی دە ست نیشانکراو بۆ هەنگەڵانەکە لەگەڵ داواکاریەکە و نەخشـەی پێوانەکاری و کۆنووسـی زەوی و زار ئاراسـتەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی پارێزگا یان ئیدارە سەربەخۆکان دەکرێت.

**سێیەم:** پێویستە ڕەزامەندی لایەنە پەیوەندیدارەکان (رێگاوبان و شارەوانی و ژینگە) وەربگیرێت.

**چوارەم:** دوای وەرگرتنی ڕەزامەندی لایەنە پەیوەندیدارەکان، مۆڵەت دەدرێت بە دامەزراندنی هەنگەڵان لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی پارێزگاو ئیدارە سەربەخۆکان کە پێویستە (٢) دوو ساڵ جارێک نویێ بکرێتەوە لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی پارێزگاو ئیدارە سەربەخۆکان.

**ماددەی (٤):**

کرێی دەرهێنانی مۆڵەت (١٠٠,٠٠٠) سـەد هەزار دینارە، و کرێی نویێ کردنەوەی مۆڵەت (٥٠,٠٠٠) پەنجا هەزار دینارە.

**ماددەی (٥):**

**یەکەم:** مۆڵەتدراو دەبێت ناوی بازرگانی تایبەت بە بەرهەمی هەنگەڵانەکەی بەشـێوەیەکی فەرمی لە وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی لەماوەی (٣) سێ مانگدا لە ڕۆژی بەخشینی مۆڵەتی دامەزراندنی هەنگەڵانەکەوە دەربکات، بە پێچەوانەوە مۆڵەتەکەی کاری پێناکرێت.

**دووەم:** مۆڵە تدراو دەبێت پابەندی هەموو ئەو ڕێنماییانە بێت کە لایەنی پەیوەندیدار لە وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو دەری دەکات، بە پێچەوانەوە مۆڵەتەکەی لێوەردەگیرێتەوە.

**سـێیەم:** پاش تێپەربوونی سـاڵێک لە پێدانی مۆڵەت ئەگەر پرۆژەکە جێبەجێ نەکرێت ئەوا مۆڵەتەکەی هەڵدەوەشێتەوە.

**ماددەی (٦):**

**ئەگەر خاوەن پرۆژەی هەنگەڵان پابەندنەبوو بەم ڕێنماییە:**

**یەکەم:** ئاگادار دەکرێتەوە بۆ جاری یەکەم کە لە ماوەی (٣٠) سـی ڕۆژ سـەرپێچیەکان چاک بکاتەوە، بەپێچەوانەوە مۆڵەتەکەی هەڵدەوەشێتەوە.

**دووەم:** لە کاتی دووبارە کردنەوەی سـەرپێچی کردنی ئەم ڕێنماییە ڕاسـتەوخۆ مۆڵەتەکە هەڵدەوەشێتەوە.

**ماددەی (٧):**

پێویستە خاوەن پڕۆژەی هەنگەڵان بەپێی یاسای سەرپەرشتیارانی پڕۆژەکانی کشتوکاڵی لە کەرتی تایبەت لە هەرێمی کوردستان- عێراق ژمارە (٢٠)ی ساڵی (٢٠٢١)، و ڕێنمایی جێبەجێ کردنی یاساکە ژمارە(٤)ی ساڵی(٢٠٢٢)ی سەرپەرشتیاری پڕۆژەی هەبێت.

**ماددەی (٨):**

**یەکەم:** دوایی دەرچوونی ئەم ڕێنمایە بە هیچ شێوەیەک ناکرێت هەنگەڵان دابمەزرێت بەبێ مۆڵەت، وە پێویستە ئەو هەنگەڵانانەی دامەزراون پێش دەرچوونی ئەم ڕێنماییە خۆیان بگونجێنن لەگەڵ حوکمەکانی ئەم ڕێنماییەلە ماوەیکدا کە لە(٦)شەش مانگ تێپەر نەبێت.

**دووەم:** هەر هەنگەڵانێک بەبێ مۆڵەت دابمەزرێت ئەوا خاوەنەکەی ئاگاداردەکرێتەوە بۆ خۆ گونجاندن لەگەڵ حوکمەکانی ئەم ڕێنماییە بۆ دەرهێنانی مۆڵەت، بە پێچەوانەوە دادەخرێت.

**ماددەی (٩):**

ڕێنمایی ژمارە(٥)ی ساڵی ٢٠١٣ی وەزارەتی کشتوکاڵ وسەرچاوەکانی ئاو لە هەرێمی کوردستان – عێراق هەڵدەوەشێتەوە.

**ماددەی (١٠):**

ئەم ڕێنماییە لە ڕێکەوتی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی ( وەقایعی کوردستان) جێبەجێ دەکرێت.

## هۆیەکانی دەرچوواندن

بە ئامانجی گرنگی دان بە دامەزراندنی پڕۆژەی هەنگەڵان و بەرەوپێش بردنی بواری هەنگەوانی بە شێوەیەکی زانستی و مۆدێرن و گرنگیدان بە پیشەی هەنگەوانی، و بەرهەم هێنانی بەرهەمی هەنگوینێکی ساغ و تەندروست، ئەم ڕێنماییە دەرچووێندرا.

**بێگەرد تاڵەبانی**
**وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو**

**دەستەی پاراستن و چاکردنی ژینگە**

**ژمارە: ١٤٧ لە ٢٠٢٤/١/٢٢**

پشت بەست بە حوکمەکانی ماددەی (دەیەم) و (یازدەم) لە یاسای دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە لە هەرێمی کوردستان - عێراق ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠١٠ و حوکمەکانی یاسای پاراستن و چاککردنی ژینگە ژمارە (٨)ی ساڵی ٢٠٠٨ ئەم ڕێنمایەی خوارەوەمان دەرکرد:

**ڕێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٤**

**پۆلێنی پرۆژەکان و ڕەزامەندی ژینگەیی لە هەرێمی کوردستان- عێراق**

## بەشی یەکەم

## پێناسەو ئامانجەکان

**ماددەی (١):**

مەبەست لەم دەستەواژانەی خوارەوە ئەو واتایانەی بەرامبەریانە بۆ مەبەستەکانی ئەم ڕێنماییە هاتووە.

**یەکەم: دەسەڵاتی ژینگەیی:** سەرۆکی دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگەو ڕێپێدراوەکەی لە هەرێمی کوردستان - عێراق .

**دووەم: ژینگە:** ئەو ناوەندەیە کە هەموو جۆرە زیندەوەرێکی تیا دەژی کە خۆی لە ئاوو هەواو خاك دەبینێتەوە، هەروەها ناوەندێکی زیندوو و سروشتییە کە زیندەوەرەکان چالاکی خۆیانی تێدا ئەنجام دەدەن.

**سێیەم: توخمەکانی ژینگە:** ئاوو هەواو و خاك و زیندەوەرەکان.

**چوارەم: پیسکەرەکانی ژینگە:** هەر ماددەیەك (ڕەق یان شل یان گازی یان ژاوەژاو یان لەرینەوە یان تیشکەکان یان گەرمی یان هاوشێوەکانیان یان فاکتەری زیندەوەری) کە بە ڕێگای ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ دەبێتە هۆی ڕوودانی تێکچوون لە سیستەمی ژینگەیی.

**پێنجەم: پیسبوونی ژینگە:** هەبوونی هەر پیسکەرێك کە کاریگەری لەسەر ژینگە هەیە بە بڕێك یان چڕییەك یان سیفەتێکی ناسروشتی، بە ڕێگای ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ ببێتە هۆی زیان گەیاندن بە مرۆڤ یان زیندەوەرەکانی تر یان پێکهاتە نازیندووەکان کە لە ژینگەدا هەن.

**شەشەم: چالاکی:** مەبەست لێی هەر پرۆژەیەك یا دامەزراوەیەکی پیشەسازی یان کشتوکاڵی ، بازرگانی ، خزمەتگوزاری، پیشەگەری .

**حەوتەم : سنووردارکردنی شوێنەکان:** ئەو ڕێوشوێنانەیە کە دەبێت لەبەر چاو بگیرێت لە کاتی دەست نیشانکردن یان هەڵبژاردنی شوێنێك بۆ چالاکی پیشەسازی یان کشتوکاڵی یان خزمەتگوزاری یان کاریگەری نەرێنی لە سەر ژینگە هەبێت، پابەند نەبوون بەو سنوورداریە شوێنیانە دەبێتە هۆی زیان گەیاندن بە ژینگە و تەندروستی گشتی بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ لە ئێستا یان لە داهاتوودا .

**هەشتەم: پێداویستییە ژینگەییەکان:** ئەو زیادە کارانەیە لە شێوازەکانی کار و یەکە تەکنیکییەکان کە پێویستە هەبێت لە چالاکیەکە وەك بەشێك لە پرۆژەکە یان کرداری بەرهەمهێنان کە دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی مەترسی پیسبوون یان سنوردانانی کۆتایی بۆی.

**نۆیەم: سنورداریە ژینگەییەکان:** ئاستی ڕێپێدراو بۆ چڕی هەر پیسکەرێک لە پیسکەرەکان کە ڕێگا دەدرێت بە چوونە ناو ژینگە بەپێی پێوەرە نیشتیمانییەکان، لە کاتی نەبوونیدا پشت بەپێوەرە نێو دەوڵەتیەکان دەبەسترێت.

**دەیەم: سنووری شارەوانی:** سنوری پەسەندکراوی شارەوانییە.

**یازدەیەم: پاشماوەکان:** مادده ڕەق و شلەکان کە ناتوانرێت بەکاربهێنرێن یان دووبارە بکرێنەوە کە لە ئەنجامی چالاکییە جۆراوجۆرەکان دەردەچن.

**دوازدەیەم: مادده مەترسیدارەکان:** ئەو ماددانەی زیان بەتەندروستی مرۆڤ دەگەیەنن لەکاتی خراپ بەکارهێنانی یان کاریگەری زیان بەخشی لە ژینگەدا دەبێت ، وەك فاکتەرە نەخۆش هێنەرەکان یان مادده ژەهراوییەکان یان ئەوانەی توانای تەقینەوە یان گرگرتنیان هەیە، هەروەها ئەوانەی تیشکە ئایۆنیەکان یان موگناتیسیان تێدابێت.

**سێزدەیەم: پاشماوە مەترسیدارەکان:** ئەو پاشماوانەن کە هۆکارن یان لە وانەیە ببنە هۆکاری گەیاندنی زیانێکی مەترسیدار بۆ مرۆڤ و ژینگە کەلە پێکهاتەکەیاندا ماددەی زیانبەخش هەبێت.

**چواردەیەم: دەرهاوێشتەکان:** هەموو گازەکان و دەرهاوێشتەکان و تەنۆچکە هەڵواسراوەکان دەگرێتەوە کە لە ئەنجامی چالاکییە جۆراوجۆرەکان دەردەچن بۆ بەرگە هەوا.

**پازدەیەم: ناوچەی پیشە سازی:** ئەو ناوچانەیە کە لەلایەن بەرێوەبەرایەتی گشتی نەخشەدانان دیاری دەکرێت بۆ کۆکردنەوەی پیشەسازییە دیاریکراوەکان.

**شازدەیەم: نیشتەجێبوون:** ئەو شوێنانەیە کە ژمارەی یەکەکانی نیشتەجێبوونی لە (٢٠) بیست یەکە کەمترنەبێت.

**حەڤدەیەم: رێگای گشتی:** ئەو رێگا قیرتاو کراوەیە کە دەکەوێتە دەرەوەی سنووری شارەوانی شارو قەزاو ناحیەکان (شارەدێ) و شوێنە گەشتیارییەکان بەیەکتریان دەبەستێتەوە.

**هەژدەیەم: تەکنەلۆژیای دۆستی ژینگە:** بە واتای شێوازو بەکارهێنانی سیستەمی نوێ (مۆدرێن) سەوزو دۆستی ژینگە دێن، کە لەبەرزترین ئاستدان و، لەپرۆسەی پەرەپێدان و پرۆژەی وەبەرهێنان و پیشەسازی بە کاردێن و، ژینگە دۆستن و، لەرێگەیانەوە دەردانی گازی ژەهراوی و پاشەڕۆ و پاشماوە مەترسیدارەکان کە (هۆکارن بۆ پیسکردنی ژینگە) کەم دەبێتەوە بۆ نزمترین ئاست، بەرێژەیەک کە دەسەڵاتی ژینگەیی داوای دەکات.

**نۆزدەیەم: پۆلێنی ژینگەیی بۆ سەرچاوەکانی پیسبوون:** لە پێناو ئاسانکاری ئەرکی لایەنەکان کە رەزامەندی ژینگەیی بۆ دامەزراندنی چالاکی پیشەسازی وکشتوکاڵی وخزمەتگوزاری وپیشەگەری دەدەن،بەپێی ڕادەی پیسکردنیان بۆ ژینگە کە چالاکییەکان دابەشی سێ پۆلێنی سەرەکی دەکات (أ) و (ب) و (ج) کە بریتین لە:

**١- چالاکییە پیسکەرەکانی ژینگە لە پۆلێنی (أ):** ئەو چالاکیانەن کە زۆر پیسکەرن بۆ ژینگە، پرۆژەکانی نەوت و پیشە سازی و خزمەتگوزاری وکشتوکاڵی و کۆی پرۆژە گەورەکان دەگرێتەوە کە چەندین کاریگەری لە سەر کوالێتی ژینگە و لە سەر ڕووبەرە فراوانەکان هەیە، بۆیە پێویستە لە نەخشەی بنەڕەتی و فراوانکردنەکانی شارەکان و قەزاو ناحیەکان (شارەدێ) و ئەو گوندانەی بەرەو گەشەکردنن دووربخرێنەوە لەگەڵ مەرجی دابینکردنی هەموو چارەسەرەکان کەپاراستنێکی تەواوی ژینگە دەکات پێویستە پێش دامەزراندن لە ڕێگەی لیژنەی فەرمانگەی ژینگەی پارێزگا وئیدارە سەربەخۆکان هەڵسەنگاندنی کاریگەریی ژینگەیی بۆ بکرێت.

**٢- چالاکیە پیسکەرەکان لە پۆلێنی (ب):** ئەو چالاکییانەن کە ژینگە پیس دەکەن کەمتر لە چالاکیەکانی پۆلێنی (أ) کە سەرچاوە پیشەسازی و کشتوکاڵی و خزمەتگوزاریەکان دەگرێتەوە و پیسبوون لە شوێنەکە دروست دەبێت و دەتوانرێت کۆنترۆڵ بکرێت، بۆیە دەتوانرێت لەناو سنوری نەخشەی بنەڕەتی دابمەزرێن و لە سنوری ئەو بلۆکەی کە بۆی تەرخانکراوە بە مەرجی دابینکردنی یەکەی چارەسەرەکان بەپێی ڕێنماییەکان و ڕێکارەکان، لە حاڵەتێکدا ئەگەر نەتوانرا هەموو لایەنەکانی پیسبوون (گازە دەرچووەکان و هاوشێوەکانیان) کۆنترۆڵ بکرێت، ئەوا پێویستە شوێنی دامەزراندنیان لە دەرەوەی نەخشەی بنەڕەتی بێت، بە پێی ئەو سنوردارییە شوێنییانەی ئەو جۆرە چالاکیانە کە بەدرێژی لەناو ڕێنماییەکاندا باسیان لێوەکراوە ئەو پرۆژانە بەر لەدامەزرا ندنیان لە ڕێگەی لیژنەی فەرمانگەی ژینگەی پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان پێویستە هەڵسەنگاندنی کاریگەری ژینگەییان بۆ بکرێت.

**٣- چالاکیە پیسکەرەکانی ژینگە لە پۆلێنی (ج):** هەموو چالاکییەکانی تر کە پیسبوونێکی کەمیان لەسەر ژینگە هەیە ، دەتوانرێت کۆنترۆڵ بکرێت و چارەسەر بکرێت وەکو ئەو کارگانەی پیسبوونێکی بەرچاویان نیە و بە ئاسانی چارەسەردەکرێت و ڕێیان پێدەدرێت دابمەزرێن لەناو یان دەرەوەی نەخشەی بنەڕەتی بەپێی ڕێنماییەکان

**ماددەی (٢):**

**ئامانجەکان:** ئامانجی ئەم ڕێنماییە:

١- پاراستنی ژینگە لە کاریگەری چالاکییە زیان بەخشەکان.

٢- دەست نیشانکردنی شوێنی گونجاو لە ڕووی ژینگەییەوە بۆ چالاکیەکان.

٣- دیاریکردن و گرتنەبەری ڕێوشوێنە پێویستەکان بۆ نەهێشتنی پیسبوون و پارێزگاری کردن لەسامان و سەرچاوە سروشتییەکان.

## بەشی دووەم

## پۆلێنکردنی پرۆژەکان بەپێی ڕادەی پیسکردنیان بۆ ژینگە

**ماددەی (٣):**

**چالاکییە پیسکەرەکانی ژینگە لە پۆلێنی (أ):**

**یەکەم: پرۆژە پیشەسازییەکان:-**

**١- پیشەسازییە خۆراکییەکان:** پاڵاوتنی ڕۆنی ڕووەکی و چارەسەرەکانی تری و ڕۆنە ڕەقەکان (مهدرج) و ڕۆنی ئاژەڵی ئامادەکراو بۆ خواردن.

**سنووردارکردنی شوێنەکان:**

أ- دەتوانرێت لەناوچەکانی پیشەسازی دابمەزرێن، دەبێت دووری لە شوێنی نیشتەجێبونەوە لە (١کم) یەك کیلۆمەتر کەمتر نەبێت ئەگەر لە دەرەوەی ناوچەی پیشەسازی بێت.

ب- بەلایەنی کەمەوە لەقەدەغەکراوی ڕێگای هاتوچۆی خێرا و ڕێگا سەرەکییەکان (٥٠٠ م ) پێنج سەد مەتر دووربن.

ج- نابێت یەکەی نیشتەجێبوونی کرێکارەکان و خێزانەکانیان لە ناو کارگەدا بێت.

**پێداویستییه ژینگەییەکان:**

أ- دانانی یەکەی چارەسەری (فیزیایی و کیمیایی و بایۆلۆجی) تەواو و بە چوستیەکی بەرز کار بکات، بۆ چارەسەرکردنی پاشماوە شلەکان کە لەگەڵ سیستەمی پارێزگاری لەسەرچاوەکانی ئاو یەکانگیر بێت.

ب- چارەسەرکردنی دەرهاوێشتە گازیەکان و ئەو تەنۆچکانەی کە دەچنە نێو بەرگە هەواوە، دەبێت یەك بگرێتەوە لەگەڵ خاسیەت و ستانداردی هەوا کە لە لایەن دەسەڵاتی ژینگەییەوە دانراوە.

ج- چارەسەرکردنی پاشماوە ڕەقەکان کە لە ئەنجامی بەرهەمهێناندا پەیدا دەبن بەشێوەیەکی سەلامەت لە ڕووی ژینگەییەوە.

د- کۆنترۆلکردنی ژاوەژاو بەپێی ڕێنماییە بەرکارەکانی دە ستەی پارا ستن و چاککردنی ژینگە دەبێت کە بۆ ئەم مەبەستە دەرچووە.

هـ- دابین کردنی ڕێژەی سەوزایی کە لە (٢٥٪)ی ڕووبەری پرۆژەکە کەمتر نەبێت بە چاندنی داری هەمیشە سەوز.

**٢- پیشەسازی ڕستن و چنین و ڕیشاڵە پیشەسازییەکان:**

١- کارگەکانی ڕیشاڵی پیشە سازی وەکو ئاوریشمی پیشە سازی و نایلۆن ( پۆلیستەر )کە یەکەی بۆیاخ کردن دەگرێتە خۆی.

٢- کاری بۆیاخکردنی کەلوپەلە چنراوەکان و ڕایەخ و جۆرەکانی تر .

**سنووردارکردنی شوێنەکان:**

أ- ڕێپێدراون کە لە ناوچەی پیشە سازی دابمەزرێن یان بەدووری(٢کم) دوو کیلۆمەتر کەمتر نەبێت لە شوێنی نیشتەجێبوونەوە ، ئەگەر لە دەرەوەی ناوچەی پیشە سازی دابمەزرێت و نابێت لەناو دۆڵ و نشێو و شوێنە نزمە سروشتیەکان دابمەزرێن.

ب- دووری خاڵی ڕشتنی پاشماوە شلەکان بۆ سەرچاوەکانی ئاو لە (٥کم) پێنج کیلۆمەتر کەمتر نەبێت لە شوێنی وەرگرتنی ئاو بۆ خواردنەوە، ئەگەر لە سەرووی شوێنی وەرگرتنەکە بوو لە (١کم) یەک کیلۆمەتر کەمتر نەبێت ئەگەر دوای چارەسەرکردنی لە خوارەوەی خاڵی وەرگرتنی ئاوی خواردنەوە بوو.

ج- پێویستە بەلایەنی کەمەوە لەقەدەغەکراوی ڕێگای هاتوچۆی خێرا و ڕێگا سەرەکییەکان (٥٠٠ م ) پێنج سەد مەتر دووربن.

د- نابێت یەکەی نیشتەجێبوونی کرێکارەکان و خێزانەکانیان لە ناو کارگەدا هەبێت.

**پێداویستییه ژینگەییەکان:**

أ-دانانی یەکەی چارەسەری (فیزیایی و کیمیایی و بایۆلۆجی) تەواو بە چوستییەکی بەرز کار بکات بۆ چارەسەرکردنی پاشماوە شلەکان کە لەگەڵ سیستەمی پارێزگاری لەسەرچاوەکانی ئاو یەکانگیر بێت.

ب- چارە سەرکردنی دەرهاوێشتەکان بۆ بەرگە هەوا بە شێوەیەك گونجاو بێت لەگەڵ خا سیەت و ستانداردی هەوا کە لە لایەن دەسەڵاتی ژینگەیی دانراوە.

ج- دەرباز بوون لە هەموو ئەو پاشماوە ڕەق و مەترسیدارانەی کە لەئەنجامی پرۆسەی بەرهەمهێنان و وێستگەکانی چارەسەری پاشماوە شلەکاندا پەیدا دەبن، بە ڕێگای ەکی گونجاو بۆ سەلامەتی ژینگەیی.

د- کۆنترۆلکردنی ژاوەژاو بەپێی ڕێنماییە بەرکارەکانی دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە دەبێت کە بۆ ئەم مەبەستە دەرچووە.

هـ- دابین کردنی ڕێژەی سەوزایی کە لە (٢٥٪)ی ڕووبەری پرۆژەکە کەمتر نەبێت بە چاندنی داری هەمیشە سەوز.

**٣- پیشەسازییە کیمیاییەکان:-**

١- کارگەکانی بەرهەمهێنانی (ترشەڵۆکەکان و تفتەکان) و لێکەوتەکانیان.

٢- بەرهەمهێنانی پۆلیمەرەکان و دەنکۆڵە پلاستیکییەکان.

٣- کارگەکانی بەرهەمهێنانی قڕکەرەکان و لە قوتوونان و تێکەڵکردنی مادده کیمیاییەکانی قڕکەرەکان.

٤- بەرهەمهێنان و دروستکردنی خەڵوزی کوک و کارگەکانی دڵۆپاندنی خەڵوز و ئەو بەرهەمانەی کە لێی دەکەوێتەوە.

٥- کارگەکانی بەرهەمهێنانی کاغەز و کارتۆن لە مادده سەرەتاییەکان.

٦- خۆشکردنی پێستە (دباغ).

٧- بەرهەمهێنانی پێکوتەکان (تلقیح) بە هەموو جۆرەکانییەوە.

٨- کارگەکانی بەرهەمهێنانی قیری شل و زەیتی ئەساس.

٩- کارگەی کیمیایی تەواوکار وەکو بەرهەمهێنانی پەینەکان.

١٠- کارگەکانی بەرهەمهێنانی دەرمان بۆ (مرۆڤ و گیانلەبەران).

١١- کارگەکانی گۆگرد.

١٢- لێکدانی پلاستیك – پڕکردنی پلاستیك ( الحقن البلاستیکیة ) – کارگەکانی دروست کردنی بۆڕی و کەرەستەی پلاستیك – هەڵکۆڵین لەسەر پلاستیك.

١٣- کارگەکانی بۆیاغی زەیتی و وارنیش و مەرەکەبی چاپکردن.

١٤- دروستکردنی مادده کیمیاییە بەکارهێنراوەکان بۆ چارەسەرکردنی ئاو.

١٥- کارگەکانی بەرهەمهێنانی (تایە) و لاستیك.

١٦- کارگەکانی بەرهەمهێنانی (کەفەکان) فوم و سەندەویچ پەنەڵ.

١٧- کارگەکانی فلانکۆت و داپۆشەری قیری و ماستیك و لباد .

١٨- کارگەکانی ئەسفەلتی کۆنکرێتی.

١٩- دروستکردن و ریسایکلینی پاتری بەهەموو جۆرەکانییەوە.

٢٠- کارگەکانی دروستکردنی بوتڵی پلاستیکی ئاو و بوتڵی مەوادی پاکەرەوە و شامپۆ و کیسی نایلۆن و سفرەی سەفەری لە دەنکۆڵە .

٢١- کارگەی توانەوەی تایەی بەکارهاتوو .

٢٢- کارگەی دروستکردنی فوگە.

٢٣- کارگەی دەرهێنانی سیمی ناو تایە و کاربۆن بلاک .

**سنووردارکردنی شوێنەکان:**

أ- ڕێپێدراوە کە لە ناوچەکانی پیشـــەســـازی دابمەزرێت و دووریەکەی لە (٢کم) دوو کیلۆمەتر کەمتر نەبێت لەشوێنی نیشتەجێبوونەوە ئەگەر لە دەرەوەی ناوچەی پیشەسازی بێت.

ب- پێویستە چالاکییە پیسکەرەکان لە دەرەوەی سنوری شارەوانی دابمەزرێن، جگە لە ناوچە پیشەسازییەکان.

ج- پێویســـتە بەلایەنی کەمەوە لەقەدەغەکراوی ڕێگای هاتوچۆی خێرا و ڕێگا ســـەرەکییەکان (٥٠٠ م ) پێنج سەد مەتر دووربن.

د- (سەبارەت بەکارگەکانی پێستە خۆشکردن) پێویستە دووری خاڵی ڕشتنی پاشەڕۆکان بۆ سەرچاوەکانی ئاو لەو شـــوێنەی ئاوی لێوەردەگیرێت بۆ خواردنەوە لە (٥کم) پێنج کیلۆمەتر کەمتر نەبێت لەســـەرووی خاڵی وەرگرتنەکە و لە (١کم) یەك کیلۆمەتر کەمتر نەبێت لە خوارەوەی لەدوای چارەسەرکردنی.

هـ- نابێت لە دۆڵ و نشێو و شوێنە نزمەکان بێت و، نابێت لە زەوی تەخت بێت ئەگەر بەربەستی با هەبێت لە سەرچاوەیەکی سروشتی یان دەستکرد (گرد ، بان ، دارستان).

و- نابێت یەکەی نیشتەجێبوونی کرێکارەکان و خێزانەکانیان لە ناو کارگەدا هەبێت.

**پێداویستییە ژینگەییەکان:**

أ- دانانی وێســـتگەی چارەســـەرکردنی فیزیایی و کیمیایی بایۆلۆجی و چارەســـەرکردنی ئاوەڕۆی قورس بە چوســـتییەکی بەرز بۆ کەمکردنەوەی چڕی هەموو پیســـکەرە کانی پاشـــەڕۆ کان بە پێی تایبەتمە ندی سیستەمی پاراستنی ئاو و پێوەرە ژینگەییەکان کە لە لایەن دەسەڵاتی ژینگەیی دانراوە.

ب- چارە سەرکردنی دەرهاویـشتەکان بۆ بەرگە هەوا بە شێوەیەك گونجاو بێت لەگەڵ خا سیەت و ستانداردی هەوا کە لە لایەن دەسەڵاتی ژینگەیی دانراوە.

ج- بەکارهێنانی ســـوتەمەنی پاك لەو چالاکیانەی کە دەبێت ســـوتەمەنی تێدا بەکاربهێنرێت و، پاشـــان چارەسەرکردنی ئەو گازانەی کە دەچنە ناو بەرگە هەواوە.

د- دابینکردنی حاوییەی تایبەت بۆ کۆکردنەوەی پاشماوە ڕەق و نیشتووەکان و ڕزگار بوون لێیان بەشێوەیەکی سەلامەت و ژینگەیی.

ە- دابینکردنی تاقیگەی تەواو بۆ پـشکنینی ئاوی پیـشە سازی و گازە دەرچووەکان دوای چارە سەرکردنیان بۆ دڵنیابوون لە هاوتا بوونیان بۆ پێوەرە ژینگەییەکان.

و- (سەبارەت بە پرۆژەکانی دەرمان) دابین کردنی ئامێری پاڵاوتن و خاوێنکردنەوەی ئەو هەوایەی کە دەچێتە ناو کارگەوە و دووبارە پاڵاوتنەوەی کە دەچێتە بەشە جیاوازەکان.

ز- (ســـەبارەت بە کارگەکانی پێســـتە خۆشـــکردن) دەبێت ئەو کارگانە ســـوتێنەری ڕێك و پێکی هەبێت بۆ ســـوتاندنی پاشـماوە رەقەکان ، یان دەبێت (ســـوتێنەری) کارگەی دیکە بەکاربهێنرێت کە هاوشـێوەی ئەوەی خۆیان بێت بە گوێرەی فۆڕمی (پێدان و وەرگرتن) ی ڕێکو پێك ملکەچی چاودێری کردن بێت.

ح- ڕزگاربوون لە پاشـــماوە ڕەق و ترســـناکەکان کە لەپرۆســـەکانی بەرهەمهێنان و لە وێســـتگەکانی یەکەی چارەســـەری پاشـــماوە شـــلەکان دەردەچن بە ڕێگای ەکی ســـەلامەت و ژینگەیی و بە ڕەزامەندی لایەنە پەیوەندیدارەکان.

خ- دابین کردنی ڕێژەی سەوزایی کە لە (٢٥٪)ی ڕووبەری پرۆژەکە کەمتر نەبێت بەچاندنی داری هەمیشە سەوز

**٤- پیشەسازییە گەرمەکان و کانزاکان و کەرەستەی بیناسازی:**

١- کارگەکانی چیمەنتۆ بەهەموو جۆرەکانییەوە.

٢- دەرهێنانی کانزاکان وخەڵوزی بەردین.

٣- ئەو بەشانەی تایبەتن بە بەرهەمهێنانی ڕیشاڵە کانزاییە سروشتییە کوندارەکان.

٤- ئەو کارگانەی کە (ئەسبست) بەشێکە لە بەرهەمهێنانەکە.

٥- کارگەکانی پۆرسەلین و سیرامیک و فەخفوری.

٦- کارگەکانی دروستکردنی شوشە.

**سنووردارکردنی شوێنەکان:**

أ- ڕێپێدراوە لە ناوچەی پیشەسازی یان لە دەرەوەی سنوری شارەوانی بە مەرجێک دووریەکەی لە (٢کم) دوو کیلومەتر کەمتر نەبێت، بە ئاراستەی بای (باو) بێت و، نابێت دووریەکەی لە (٢کم) دوو کیلومەتر لە شوێنی نیشتەجێبوون کەمتر بێت.

ب- ( تایبەت بە کارگەی چیمەنتۆ) پێویستە (٥کم) پێنج کیلۆمەتر لەدەرەوەی سنووری شارەوانی و لە نیشتەجێبوونەوە دووربێت، ڕێگە بەم پرۆژەیە نادرێت لەناو دۆڵ و نشێو و شوێنە نزمەکان دابمەزرێت.

ج- سەبارەت بە (دەرهێنانی کانزاکان و خەڵوزی بەردین) پێویستە تەنیا لەو شوێنانە دابمەزرێنرێت کە کانزاکان و خەڵوزی بەردینی لێ هەیە لەگەڵ ڕەچاوکردنی سنووردارکردنی شوێنەکان.

د- بەلایەنی کەمەوە لەقەدەغەکراوی ڕێگای هاتوچۆی خێرا وڕێگا سەرەکییەکان (٥٠٠ م) پێنج سەدمەتر دووربن

هـ- نابێت یەکەی نیشتەجێبوونی کرێکاران و خێزانەکانیان لەناو کارگەدا هەبێت.

**پێداویستییە ژینگەییەکان:**

أ- چارەسەرکرنی دەرهاوێشتەکان بۆ ناو بەرگە هەوا بە دانانی ئامێری کەمکردنەوەی تەپ و تۆز بۆ ئاستێك زیاتر نەبێت لە سنووری ڕێگا پێدراو کە لەلایەن دەسەڵاتی ژینگەیی دیاری دەکرێت.

ب- چارەسەرکردنی پاشماوە شلەکان بە هەموو جۆرەکانییەوە ڕێك بێت لەگەڵ سیستەمی پاراستنی سەرچاوەکانی ئاو.

ج- خۆ ڕزگارکردن لە پاشماوەی ڕەقی پەیدابوو لە ئەنجامی بەرهەمهێنان بەرێگای دروستی ژینگەیی.

د- دابین کردنی ڕێژەی سەوزایی کە لە (٢٥٪)ی ڕووبەری پرۆژەکە کەمتر نەبێت بە چاندنی داری هەمیشە سەوز

**٥- پیشەسازییە کانزاییەکان:**

١- کارگەکانی توانەوە و بەقاڵبکردن و دروستکردنی قوڕقوشم و زێڕ و مس و زینک و کانزاکانی تر.

٢- کارگەکانی ڕوپۆشکردنی کارەبایی ( الطلاء الكهربائي ).

٣- کارگەی چارەسەرکردنی ڕووکەشی (المعالجة السطحية) بۆ کارەکانی ئاسن وپۆڵا، یان کانزاکانی تری نا ئاسن

٤- کارگەی پوختەکردنی کانزاکانی نا ئاسن لە ماددەی خاو.

٥- کارگەی پۆڵا و ئاسن.

٦- کارگەی دروستکردنی ئۆتۆمبێل بە هەموو جۆرەکانییەوە (گواستنەوە، بارهەڵگر، کشتوکاڵی، بیناسازی، ماتۆڕسکیل، پایسکیل).

٧- دروستکردنی کۆمپرێسەری گەرمی.

**سنووردارکردنی شوێنەکان:**

أ - ڕێپێدراوە لە ناوچەی پیشەسازی یان لە دەرەوەی سنووری شارەوانی و دووری لە شوێنی نیشتەجێبوون لە (١کم) یەك کیلۆمەتر کەمتر نەبێت و بەلایەنی کەمەوە لەقەدەغەکراوی ڕێگای هاتوچۆی خێرا و ڕێگا سەرەکییەکان (٥٠٠ م ) پێنج سەد مەتر دووربن.

ب- کارگەکانی توانەوە و بەقاڵبکردن و دروستکردنی زێڕ، ڕێگەی پێدەدرێت لە ناوچەی بازرگانی دابمەزرێت، بەو مەرجەی فلتەر دابنرێت و ڕێگە بە بڵاوبوونەوەی بۆن و پیسبوونی هەوا نەدرێت .

ج- نابێت یەکەی نیشتەجێبوونی کرێکارەکان وخێزانەکانیان لەناو کارگەدا هەبێت.

**پێداویستییە ژینگەییەکان:**

أ- پرۆسەی بەرهەمهێنان لە شوێنی داخراو بێت و یەکەی هەوا گۆڕکێی کارای بۆ دابنرێت.

ب- دابینکردنی ئامێری کۆنترۆڵکردنی هەڵم و گازەکان.

ج- دابینکردنی حاوییەی کۆکردنەوەی پاشماوە ڕەقەکان و خۆ ڕزگارکردن لێیان لە شوێنی تایبەت کەلەلایەن شارەوانییەوە دیاریکراوە .

د- چارەسەرکردنی ئاوی پاشماوە شلەکان کە لە ئەنجامی بەرهەمهێنان و ئاوی ئاوەڕۆ کە ڕێك بێت لەگەڵ پێوەرەکانی سیستەمی پاراستنی سەرچاوەکانی ئاو .

هـ - دابین کردنی ڕێژەی سەوزایی کە لە (٢٥٪)ی ڕووبەری پڕۆژەکە کەمتر نەبێت بە چاندنی داری هەمیشە سەوز

**٦- پیشەسازییە کارەباییەکان:**

١- دروستکردنی بگۆڕە کارەباییەکان.

٢- دروستکردنی وایەر وکێبڵی کارەبایی.

٣- دروستکردنی خانە و ڕووتەختی هەتاوی (الطاقة الشمسية) یان (سۆلار) و دووبارە بەکارهێنانەوەیان.

**سنووردارکردنی شوێنەکان:**

١- ڕێپێدراوە لە ناوچەی پیشە سازی(چالاکییە پیسکەرەکان) یان لە دەرەوەی سنووری شارەوانی دابمەزرێت، دووری لە کۆمەڵگای نیشتەجێبوون لە (١کم)یەک کیلۆ مەتر کەمتر نەبێت.

٢- بەلایەنی کەمەوە لەقەدەغەکراوی ڕێگای هاتوچۆی خێرا و ڕێگا سەرەکییەکان (٥٠٠ م ) پێنج سەد مەتر دووربن.

٣- نابێت یەکەی نیشتەجێبوونی کرێکارەکان و خێزانەکانیان لەناو کارگەدا هەبێت.

**پێداویستییە ژینگەییەکان:**

أ- دانانی یەکەی چارەسەری پاشماوەکانی شل بە شێوەیەك ( ئاوە چارەسەر کراوەکە) بە پێی ڕێنماییەکانی سیستەمی پاراستنی سەرچاوەکانی ئاو بێت.

ب- چارەسەرکردنی دەرهاوێشتەکان بۆ ناو بەرگە هەوا ڕێك بێت لەگەڵ تایبەتمەندی هەوا کە لەلایەن دەسەڵاتی ژینگەییەوە دەردەچێت.

ج- بەکارهێنانی سووتەمەنی خاوێن لەو چالاکییانەی کە پێویستە سوتەمەنی بەکاربهێنێت و چارەسەری دەرهاوێشتە گازەکان بکات.

د- دابینکردنی حاوییەی تایبەت بە کۆکردنەوەی پاشـماوە ڕەق و نیشـتووەکان و خۆڕزگارکردن لێیان بەرێگای دروستی ژینگەیی.

هـــ- دابین کردنی ڕێژەی سـەوزایی کە لە (٢٥٪)ی ڕووبەری پڕۆژەکە کەمتر نەبێت بە چاندنی داری هەمیشـە سەوز.

و- دابینکردنی تاقیگەیەکی تەواو  بۆ ئەنجامی پشـکنینی ئاوی پیشـەسـازی و دەرهاوێشـتە گازییەکان دوای چارەسەرکردنیان بۆ دڵنیابوون لە ڕێکبوونی لەگەڵ سنورداره ژینگەییەکان.

ز-  هەندێ ڕۆنی بگۆڕە کارەباییەکان ژەهری ژینگەیی زۆر مەترسیدارن و نابێت بسوتێنرێن یان بگاتە سەرچاوە ئـاوییەکـان یـان خۆراکەکـان، دەبێـت بەپێی مەرجەکـانی ڕزگـاربوون لەپـاشـماوە مەترسـیدارەکان و ژەهراوییەکان لەناو ببرێن بەپێی ئەو مەرجانەی کە بەشـێوەیەکی فەرمی بڕیاردراون، لەگەڵ پێویسـتی چاودێری کردنی خولی.

**دووەم : پڕۆژە کشتوکاڵییەکان:-**

١- کارگەی پڕۆتینی ئاژەڵی.

**سنووردارکردنی شوێنەکان:**

أ- ڕێپێدراوە لە دووری (٣کم) سـێ کیلۆ مەتر کەمتر نەبێت لە دەرەوەی سـنووری شـارەوانی و شـوێنی نیشتەجێبوون و، بە ئاڕاستەی بای (باو) و بەلایەنی کەمەوە لەقەدەغەکراوی ڕێگای  هاتوچۆی خێرا و ڕێگا سەرەکییەکان  ( ٥٠٠م ) پێنج سەد مەتر دووربن.

ب- ڕێگەپێدراوە لەناوچەی پیشەسازی کشتوکاڵی.

ج- نابێت یەکەی نیشتەجێبوونی کرێکارەکان و خێزانەکانیان لەناو کارگەدا هەبێت.

**پێداویستییە ژینگەییەکان:**

أ- دانانی یەکەی چارەسەرکردنی ئاوی بەکارهاتوو لەئەنجامی بەرهەمهێنان و  شووشتن.

ب- باشترە نزیك بێت لە سەربڕخانەکان.

ج- کۆگاکردنی مادده سەرەتاییەکان لە ژووری ساردکەرەوە.

د- دابینکردنی هەواگۆڕکێی باش لە ناو کارگە.

هـ-  دابینکردنی سوتێنەری تایبەت و پێشکەوتوو.

و- دابینکردنی حاوییەی ڕێکوپێك بۆ کۆکردنەوەی پاشــماوەی ڕەقی ئاســایی و گواســتنەوەی بۆ شــوێنی دیاریکراو.

ز- جێگیرکردنی ئامێر و کەلوپەلەکانی پێویست بۆ ڕێگریکردن لە دەرچوونی بۆنی ناخۆش لە کارگەکە.

ح- دروســتکردنی پەرژین لە دەرەوەی کارگە لە ماددەی بیناســازی کە بەرزییەکەی لە (٢ م) دوو مەتر کەمتر نەبێت لەگەڵ دابینکردنی ڕێژەی ســەوزایی کە لە (٢٥٪)ی ڕووبەری پڕۆژەکە کەمتر نەبێت بە چاندنی داری هەمیشە سەوز.

خ- دابینکردنی هەموو ئەو پێداویســتییانەی پاراســتنی ژینگە بەپێی ســنوردارییەکان و ســیســتەمە کارپێکراوەکان.

**سێیەم: دامەزراوە تەندروستییەکان:-**

١- سووتێنەر و یەکەی چارەسەرکردنی ناوەندی تایبەت بە پاشماوە مەترسیدارەکان و پزیشکییەکان .

٢- نەخۆشخانەی نوێ.

٣- فراوانکردنی نەخۆشخانە.

٤- نۆرینگەی پزیشکی تایبەت بەچارەسەرکردن و دەستنیشانکردن بە بە کارهێنانی تیشکی ئەتۆمی و ناوەکی و تیشکی PET scan .

**سنووردارکردنی شوێنەکان:**

١- ڕێپێدراوە لەناو سنووری شارەوانی دابمەزرێت و دووریەکەی لە (٢٠م) بیست مەتر کەمتر نەبێت لە شوێنی نیشتەجێبوون و چالاکی بازرگانی و خزمەتگوزاریە گشتییەکان و بەپێچەوانەشەوە .

٢- سەبارەت بە برگەی یەکەم (سووتێنەر و یەکەی چارەسەرکردنی ناوەندی تایبەت بە پاشماوە مەترسیدارەکان و پزیشکییەکان) رێپێدەدرێت لە دەرەوەی سنووری شارەوانی دابمەزرێنرێت بە دووری (١کم) یەك کیلۆمەتر لە شوێنی نیشتەجێبوون.

**پێداویستییە ژینگەییەکان:**

أ- دابین کردنی ڕێژەی سەوزایی کە لە (٢٥٪)ی ڕووبەری پرۆژەکە کەمتر نەبێت بە چاندنی داری هەمیشە سەوز.

ب- دانانی فلتەر و ئامێری تایبەت بە پاککردنەوەی ئاوی تاقیگە پێش ئەوەی تێکەڵ بە ئاوەڕۆی نەخۆشخانەکە بکرێت.

ج- دانانی یەکەی چارەسەری پاشماوەی شلی پزیشکی پێش ئەوەی بچێتە ناو ئاوەڕۆ.

د- ڕزگاربوون لە پاشماوەی ڕەقی ئاسایی (نەك مەترسیدار) لەشوێنی ژێرخاک کردنی پاشماوەکانی شارەوانی.

هــ- خۆڕزگارکردن لە شانەو پارچەی لاشەی مرۆڤ کەلە نەشتەرگەری پەیدادەبن، بە بەکارهێنانی سوتێنەری سیستەماتیک (المحرقة النظامية).

و- ڕزگاربوون لەهەموو پاشماوەکان جگە لەوەی لە برگەی (د) ی سەرەوە باسکراوە وەکو پاشماوەی ژوورەکانی نەشتەرگەری و تاقیگەکان و هەروەها ماددە پیسبووەکان وەکو بەستەرو شاش و لۆکە، کۆبکرێنەوە لەحاوییەی تایبەت و پاشان چارەسەربکرێت بە ئۆتۆکلیف یان مایکرۆوەیف لە نەخۆشخانەکان.

ز- ئەو پاشماوانەی ماددەی تیشکی تێدایە بەپێی ڕێنماییەکانی دەستەی پاراستن وچاککردنی ژینگە تایبەت لەم بوارەدا چارەسەر دەکرێن.

ح- پێویستە ژوورەکانی تیشك بە هەموو جۆرەکانییەوە بە پێی تایبەتمەندی کارپێکراو بێت.

خ- دابینکردنی پێداویستی بۆ کارمەندان لە ژوورەکانی تیشك بە هەموو جۆرەکانییەوە بۆ پاراستنیان لەبەرکەوتن وەکو (بەروانکە قورقوشمیەکان و چاویلکەی پاراستنی چاو) بۆ زانینی ئەگەری بەرکەوتنیان بەتیشك وەکو ( دۆزمیتر و ...هتد)

**چوارەم: پرۆژە نەوتی و پترۆکیمیاییەکان:**

١- دامەزراندنی هێڵی بۆریەکان لەناو ئاو یان لە وشکانی.

٢- هەڵکۆڵین بۆ دۆزینەوە لە وشکانی یان لە دەریاچەکان بۆ گەڕان بەدوای نەوت وغاز.

٣- پەرەپێدانی کێڵگەی نەوت و غاز لە وشکانی و دەریاچەکان.
٤- دەرهێنانی نە وت و گاز لە وشکانی و دە ریاچەکان.
٥- تۆڕی دابەشکردنی گازی سروشتی لە شارەکان.
٦- لێدانی بیری بەرهەمهێنەر لەو ناوچانەی کە ئاسانکاری بەرهەمهێنانی هەیە کە توانای ئەوەی هەبێت بیگرێتە خۆی و بەســـتنەوەی لەگەڵ ئەو بیرە نوێیانە ئاســـانکاری بۆ بکرێت، بێ ئەوەی هیچ مەرجێکی بەرفراوانی نوێ ی بخرێتە سەر.
٧- ڕوپێوکردنی دۆزینەوە تەنها (جیۆلۆجی، جیۆفیزیایی) لەســـەر وشـــکانی و دەریاچەکان بۆ گەڕان بەدوای نەوت و غاز.
٨- پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری بۆ پرۆژە نەوتییەکان.
٩- یەکەکانی لێك جیاکردنەوە و چارەسەرکردن و بەکارهێنانی نەوت و غاز.
١٠- کارگە پترۆکیماویەکان.
١١- وێستگەکانی پاڵاوتنی نەوت و پترۆکیمیاوییەکان.
١٢- دامەزراندنی عەمبارەکانی کۆگاکردنی ســـووتەمەنی (بەنزین و غاز و دیزل و نەوتی ســـپی) کە توانای کۆگا کردنیان لە (٢٥٠٠٠٠لتر) دووسەد و پەنجا هەزار لیتر و زیاترە.
١٣- بەرهەمهێنانی ڕۆنی بزوێنەرەکان و گریزەکان.
١٤- ڕیسایکلینی یان دووبارە بەرهەمهێنانی ڕۆنی بزوێنەرەکان و گریزەکان وکارگەکانی بەرهەم هێنانی پاڕافین.

**سنووردارکردنی شوێنەکان:**

أ-بڕگەکانی (١و٢و٣و٤و٦و٧ ) شوێنی دامەزراندنیان بەپێی سروشتی کار و پێویستی دیاری دەکرێت.
ب- بڕگەی ( ٥ )ڕێپێدراوە لە ناو شارەکاندا بێت.
ج- بڕگەکانی ( ٩ و ١٠ و ١١و١٣و١٤ ) ڕێپێدراوە  بە دامەزراندنی لەناوچە پیشـــەســـازییە دیاریکراوەکان یان لە دەرەوەی ســـنووری شـــارەوانی و، دوور لە شـــوێنی نیشـــتەجێبوون لە (٥کم) پێنج کیلۆمەتر کەمتر نەبێت و بەلایەنی کەمەوە لەقەدەغەکراوی ڕێگای  هاتوچۆی خێرا و ڕێگا ســـەرەکییەکان  (٥٠٠ م ) پێنج ســـەد مەتر دووربن.
د- نابێت لەدۆڵەکان و شوێنە نزمەکان یان  لەزەوییە تەختەکان بێت ئەگەر بەربەستی سەرچاوەیەکی سروشتی یان دەستکرد (گردو تەپۆلکە و دارستان) نەبێت  بۆ (با)ی باو.
هـ- نابێت یەکەی نیشتەجێبوونی کرێکارەکان و خێزانەکانیان لە ناو کارگەدا  هەبێت.

**ســـەبارەت بە بڕگەی ٨ (پێشـــکەشـــکردنی خزمەتگوزاری بۆ پرۆژە نەوتییەکان) و بڕگەی ١٢ (عەمبارەکانی سووتەمەنی):**

أ- دەبێت لە دەرەوەی  سنووری  شارەوانی بێت ناوچەی نیشتەجێبوون بێت، بە مەرجێك دووریەکەی لە (١کم) یەك کیلۆ مەتر کەمتر نەبێت لەناوچەکانی  نیشتەجێبوونەوە.
ب- بەلایەنی کەمەوە لەقەدەغەکراوی ڕێگای  هاتوچۆی خێرا وڕێگا سەرەکییەکان (٥٠٠ م) پێنج سەدمەتر دووربن
ج- نابێت یەکەی نیشتەجێ بوونی کرێکارەکان و خێزانەکانیان لە ناو کارگەدا  هەبێت.

**پێداویستییە ژینگەییەکان:**

أ- دامەزراندنی وێستگەیەکی چارەسەری فیزیاوی وکیمیاوی و بایۆلۆجی کە چوستییەکی باشی هەبێت بۆ کەمکردنەوەی خەستی هەموو پیسکەرەکانی ئاو، بەجۆرێك ڕێك بێت لەگەڵ سیستەمی پاراستنی سەرچاوەکانی ئاو و پێوانە ژینگەییەکان کەدەسەڵاتی ژینگەیی دەری دەکات.

ب- چارەسەرکردنی دەرهاویشتەکان بۆ بەرگە هەوا، بەجۆرێك بگونجێت لەگەڵ تایبەتمەندی هەوا کە دەسەڵاتی ژینگەیی دەیگرێتەبەر.

ج- خۆ ڕزگارکردن لە پاشماوە ڕەق و مەترسیدارەکان کەلەئەنجامی پرۆسەی بەرهەمهێنان و وێستگەی چارەسەری ئاوەڕۆکان دروست دەبێت بەشێوەیەکی دروست لەڕووی ژینگەیی بەڕەزامەندی لایەنە پەیوەندیدارەکان.

د- دابینکردنی تاقیگەیەکی تەواوکار بۆ پشکنینی ئاوە پیشەسازییەکان و دەرهاویشتە گازیەکان، دوای چارەسەرکردنیان بۆ دڵنیابوون و ڕێك بوونیان لەگەڵ سنورداریە ژینگەییەکان.

هـ- دابین کردنی ڕێژەی سەوزایی کە لە (٢٥٪)ی ڕووبەری پڕۆژەکە کەمتر نەبێت بە چاندنی داری هەمیشە سەوز.

و- دروستکردنی دیوارێکی ڕێکوپێك کەبەرزییەکەی لە (٢ م) دوو مەتر کەمتر نەبێت.

ز- دابینکردنی پێداویستیەکانی دڵنیایی و تایبەت بۆ کۆنترۆڵکردنی ئاگرکەوتنەوە یان هەر ڕووداوێکی لەناکاو کە دەبێتە هۆی پیسبوونی ژینگەیی بۆ ناوچەکانی دەوروبەری

**پێنجەم: پڕۆژەکانی ووزە و دامەزراوە بنەڕەتییەکان:**

١- دروستکردنی فڕۆکەخانە یان فراوانکردنی شوێنی نیشتنەوەی فڕۆکەکان، ئەوانەی باڵی جێگیریان هەیە هەروەها هەلیکۆپتەر و فڕۆکە بێ مەکینەکان (فڕۆکە چارۆك دارەکان).

٢- هێڵی ئاسنینی نوێ .

٣- پڕۆژەی گەورەی ئاودێری نوێ کە بەنداوەکان و پۆند و وێرد بگرێتەوە.

٤- وێستگەکانی چارەسەرکردنی ئاوەڕۆی ناوەندی شارەکان.

٥- وێستگەکانی وزەی گەرم پژێن (کارۆ گەرمی) بۆمەبەستی پڕۆژەی پیشەسازی و پیترۆکیمیایی.

٦- وێستگەکانی بەرهەمهێنانی ووزەی کارەبایی، هەر جۆرە سووتەمەنییەك بەکاربهێنرێت و سیستەم و یەکەکان و تۆڕەکانی تایبەت بەوان.

٧- هێلەکانی بەستنەوەی وزەی کارەبایی لەنێوان وڵاتاندا.

٨- وێستگەکانی بەرهەمهێنانی کارەبا بە بەکارهێنانی ووزەی ئاوی.

٩- شوێنەکانی ژێرخاك کردنی تەندروست بۆ خۆڵ و خاشاکی شارەوانی (پاشماوە).

١٠- شوێنەکانی داپۆشینی پاشماوە مەترسیدارەکان، جگە لە پاشماوە تیشکاوییەکان و ئەو پاشماوانەی بە تیشك پیسبوون.

١١- کارگەکانی چارەسەرکردنی پاشماوەکانی شارەوانی.

١٢- دروستکردنی ناوچە و شاری پیشەسازی.

**سنووردارکردنی شوێنییەکان:**

أ- ڕێپێدەدرێت بەدامەزراندنی لەدەرەوی سنووری شارەوانی کە لە (٥کم) پێنج کیلۆمەتر کەمتر نەبێت، جگە لە شوێنەکانی ژێرخاک کردنی پاشماوە مەترسیدارەکان کەدەبێ (١٠کم) دە کیلۆمەتر بێت.

ب- دووری شوێنەکەلە (٣کم) سێ کیلۆمەتر کەمتر نەبێت لە شوێنی نیشتەجێبوون.

ج- بەلایەنی کەمەوە لەقەدەغەکراوی ڕێگای هاتوچۆی خێرا ورێگا سەرەکییە کان (٥٠٠ م) پێنج سەد مەتر دووربن

د- نابێت وێستگەی بەرهەمهێنانی ووزە لە دۆڵ و شوێنە سروشتییە نزمەکان دابمەزرێنرێت، جگە لەو وێستگانەی بەرهەمهێنانی کارەبا کە پشت بەوزەی ئاو دەبەستن، ئەویش دەبێت پابەندی هەموو ڕێنماییەکان و پێداویستییە ژینگەییەکان بن.

هـ- پرۆژەکانی چارەسەرکردنی ئاوەڕۆی ناو شارەکان، لەمە بەدەر دەبن کە بەپێی سیستەمی چارەسەری داخراو دادەمەزرێن کەخزمەت بەکۆمەڵگای جێنشینە دیاریکراوەکان دەکات.

و- ڕێگە نادرێت بەدامەزراندنی شوێنی بنگڵکردنی (خستنە ژێر خۆڵ)ی ماددە تیشك دەرەکان.

ز- نابێت یەکەی نیشتەجێبوونی کرێکارەکان و خێزانەکانیان لە ناو کارگەدا هەبێت.

ح- خاڵی (٢) بەدەرە لە سنوورداریە شوێنیەکان.

**پێداویستییە ژینگەییەکان:**

أ- دابینکردنی هۆیەکانی چارەسەرکردنی گازەکان و تەنۆچکە وورده دەرچووەکان، بەجۆرێك کە بگونجێت لەگەڵ پێوەرەکانی جۆری هەوا کە لەلایەن دەسەڵاتی ژینگەیی دیاری دەکرێن.

ب- چارەسەرکردنی ئاوی پیشەسازی دەرچوو ڕێك بێت لەگەڵ سیستەمی پاراستنی سەرچاوە ئاوییەکان.

ج- خۆڕزگارکردن لەڕۆنی بگۆڕەکان بەرێگای ەکی دروست لەڕووی ژینگەییەوە.

د- دەبێت وێستگەکانی بەرهەمهێنانی کارەبا تاوەری ساردکردنەوەی تێدابێت بۆ دابەزاندنی پلەی گەرمی ئاوەکان بەپێی سنورداریە ڕێپێدراوەکان.

ه- دابین کردنی ڕێژەی سەوزایی کە لە (٢٥٪)ی ڕووبەری پرۆژەکە کەمتر نەبێت بەچاندنی داری هەمیشە سەوز.

و- هەندێک ڕۆنی بگۆڕە کارەباییە کان ژەهری ژینگەیی زۆر مەترسیدارن و نابێت بسوتێنرێن یان بگاتە سەرچاوە ئاوییەکان یان خۆراکەکان، دەبێت بەپێی مەرجەکانی ڕزگاربوون لەپاشماوە مەترسیدارەکان و ژەهراوییەکان لەناو ببرێن بەپێی ئەو مەرجانەی کە بەشێوەیەکی فەرمی بڕیاردراون، لەگەڵ پێویستی چاودێریکردنی بەردەوامدا.

ز - خۆ ڕزگارکردن لەپاشماوە ڕەقەکان کە لە هەندێ چالاکیدا دێنە کایەوە بەپێی یاساو ڕێنماییەکان کە دەسەڵاتی ژینگەیی پەیڕەوی دەکات.

**ماددەی (٤): چالاکییە پیسکەرەکانی ژینگە لە پۆلێنی (ب)**

**یەکەم: پرۆژە پیشەسازییەکان:**

**١- پیشەسازییە خۆراکییەکان:**

١- کارگەکانی دروستکردنی (ئایس کریم) وجۆرەکانی بەستەنی توانای بەرهەمهێنانی لە(٢) دوو تۆن زیاتر بێت

٢- پرۆژە پیشەسازییەکانی شیرەمەنی .

٣- کارگەکانی حەلواو بنێشت و شیرینیەکان.
٤- کارگەی دروستکردنی شەربەت و ساردەمەنی و خواردنەوە گازییەکان و سۆدە.
٥- کارگەکانی دەرهێنانی ڕۆنی ڕووەکی بەبێ دووبارەکردنەوە و چارەسەرکردن.
٦- کارگەکانی لە قوتوو نانی میوە و سەوزەکان.
٧- دروستکردنی ئاوی تەماتە و جۆرەکانی مورەبا و هەموو جۆرەکانی سرکە.
٨- ئەو کارگانەی کە هەڵدەستن بە پیشەسازیکردنی بەرهەمەکانی گۆشت و مریشك و ماسی.
٩- کارگەکانی وردکردنی توتن و پیشەسازی جگەرە و توتنی نێرگەلە (تنباك).
١٠- کارگەکانی هەویر ترش و ترشاندنی جۆو خواردنەوە کهولییەکان بەگشت جۆرەکانیەوە.
١١- کارگەکانی دروستکردنی شەکر .
١٢- کارگەکانی دروستکردنی ئارد.
١٣- کارگەکانی چپس و جۆرەکانی ڕووبەری پڕۆژەکە لە (١٥٠م٢) سەد و پەنجا مەتر دووجا زیاتر بێت.
١٤- کارگەکانی ئاوی کانزایی یان پڕکردنەوەی ئاوی سروشتی یان دڵۆپینراو یان شیرینکردنی .
١٥- کۆگاکانی ساردکەرەوەی خۆراك یان ساردکەرەوەکانی هەڵگرتنی خۆراك.
١٦- دروستکردنی کۆگاکانی دانەوێڵە و کۆگاکانی ووشکە.
١٧- کارگەکانی پسکویت و هەویرکاری .
١٨- کارگەکانی دروستکردنی فینگەر (پەتاتە) .
١٩- شوێنەکانی چاککردنی سەروپێ لە دەرەوەی سەربڕخانە .

**سنووردارکردنی شوێنەکان:**

أ- ڕێپێدراوە لەناو سنووری شارەوانی لەناوچە پیشەسازییەکان و لە بلۆکی تەرخانکراو بۆ پیشەسازییە خۆراکیەکان یان ناوچە بازرگانییەکان هەروەها لەدەرەوەی سنووری شارەوانی، جگە لە هەردوو بڕگەی (٩و١٠) کە پێویستە لەدەرەوەی سنووری شارەوانی بێت، بەمەرجێك دووری لە کۆمەڵگەی نیشتەجێبوون لە (١کم) یەك کیلۆمەتر کەمتر نەبێت.

ب- بەلایەنی کەمەوە لە قەدەغەکراوی ڕێگای هاتوچۆی خێرا وڕێگا سەرەکییە کان (٥٠٠ م) پێنج سەدمەتر دووربن

ج- کۆگای ساردکەرەوە بۆ هەڵگرتنی بەرووبوومە کشتوکاڵییەکانی خۆماڵی هەمان ناوچە، دەکرێت لەسەر زەوی بەردەڵان یان ئەو زەویانەی سیفاتی کشتوکاڵیان نەماوە دابمەزرێت.

د- نابێت یەکەی نیشتەجێبوونی کرێکارەکان و خێزانەکانیان لە ناو کارگەدا هەبێت .

**پێداویستیە ژینگەییەکان:**

أ- چارەسەرکردنی پاشماوەی ئاوی پیشەسازی و ڕزگاربوون لێی بەرێگای ەکی دروست لەڕووی ژینگەییەوە.

ب- ڕزگاربوون لە پاشماوە ڕەقەکان کە لەپڕۆسەی بەرهەمهێناندا دێنەکایەوە بەشێوەیەکی دروست لەڕووی ژینگەییەوە بەپێی ڕێنماییەکانی لایەنە تایبەتمەندەکان.

ج- چارەسەرکردنی دەرهاوێشتەکان بۆ بەرگەهەوا لە ئەنجامی کارکردنی ئەو کارگە و پڕۆژانە، دانانی هۆیەکانی کۆنترۆڵکردنی پیسبوون بەپێی ڕێنماییە پەیرەو کراوەکان.

د- دابین کردنی ڕێژەی سەوزایی کە لە (٢٥٪)ی ڕووبەری پڕۆژەکە کەمتر نەبێت بەچاندنی داری هەمیشە سەوز.

هـ- سەبارەت بە کارگەکانی ترشاندنی جۆو خواردەمەنییە کهولییەکان، پێویستە ڕەچاوی بارودۆخی کۆمەڵایەتی ناوچەکە بکرێت.

و- سەبارەت بەکارگەکانی تووتن پێویستە ئامێری نیشتنەوەی تۆز دابنرێت کە چارەسەری ئەو تۆزانە بکات لەکاتی بەرهەمی تووتندا دەردەچن.

ز- دابینکردنی هەوا گۆڕکێی باش لەناو ئەوشوێنانەی تەرخان کراون بۆ سەرجەم چالاکییەکان.

ح- سەبارەت بە پڕۆژەکانی عەمبارە ساردکەرەوەکان، پێویستە ئەو گازەی کە لە دەزگاکانی ساردکەرەوە بەکاردێت رێك بن لەگەڵ تایبەتمەندی ژینگەیی لەڕووی کاریگەرییان لەسەر چینی ئۆزۆن و لەڕووی پێوەری نێودەوڵەتییەوە ڕێگەپێدراوبن.

خ- دەربارەی کارگەکانی بەرهەمهێنانی ئاوی کانزایی بە شێوەیەکی گشتی، دەبێت ئەم خاڵانەی خوارەوە جێبەجێ بکرێت:

١- دەکرێت لەسەر ڕووبارەکان و کانیاوەکان دروست بکرێت.

٢- نابێت ئاوی ژێر زەوی بەکاربهێنرێت.

٣- پاککردنەوەی ئاو بە ئۆزۆن لە دوای لە بوتڵ کردنیان.

٤- دابینکردنی تاقیگەی کۆنترۆڵی کوالێتی بۆ پشکنینی فیزیایی و کیمیایی و بەکتریۆلۆجی ئاو، بگونجێت لەگەڵ پێوەرەکانی کوردستان یان عێراق لەگەڵ پێوەرەکانی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی دەربارەی ئاوی خواردنەوە یان لەگەڵ هەر زانیارییەکی نوێ سەبارەت بەو بابەتە

**٢- پیشەسازی ڕستن و چنین و داوە پیشەسازییەکان:**

١- کارگەکانی داوی پیشەسازی وەك ئارموشی پیشەسازی و پۆلیستەر کە دەزگای بۆیەکردنی تێدا نیە.

٢- کارگەکانی ڕستن و چنین.

٣- کارگەکانی بەرهەمهێنانی داوی ڕووەکی کە داو بەرهەم دێنێت وەك (کەتان و لیف).

**سنووردارکردنی شوێنەکان:**

أ- ڕێپێدەدرێت بەدامەزراندنی لەناوچەکانی پیشەسازی و واباشترە لە بلۆکی تایبەت بە پیشەسازییەکانی چنین لەناو سنووری شارەوانی یان دەرەوەی سنووری شارەوانی بێت، بەمەرجێك دووریەکەی (٢کم) دوو کیلۆمەتر لەکۆمەڵگای نیشتەجێ بوون و بەلایەنی کەمەوە لەقەدەغەکراوی ڕێگای هاتوچۆی خێرا و ڕێگا سەرەکییەکان (٥٠٠ م ) پێنج سەد مەتر دووربن.

ب- نابێت یەکەی نیشتەجێبوونی کرێکارەکان و خێزانەکانیان لە ناو کارگەدا هەبێت.

**پێداویستییە ژینگەییەکان:**

أ- دابینکردنی حاوییە بۆ کۆکردنەوەی پاشماوە ڕەقەکان و خۆ ڕزگارکردن لێیان بەشێوەیەکی دروست کە بگونجێت لەگەڵ ڕێنماییەکانی ژینگەیدا.

ب- ڕزگاربوون لە ئاوی پاشماوە کەلە ئاوەڕۆکان و شوشتنی ناو کارگەکان کۆدەبێتەوە لەرێگای دانانی یەکەکانی چارەسەرکردنی ئاو، دوای ئەوە تێکەڵ بە ئاوەڕۆی ناوچەکە دەکرێت.

ج- چارەسەرکردنی پیسبوون بە ژاوەژاو.
د- دابین کردنی ڕێژەی سەوزایی کە لە (٢٥٪)ی ڕووبەری پرۆژەکە کەمتر نەبێت بەچاندنی داری هەمیشە سەوز.

**٣- پیشەسازییە کیمیاییەکان:-**

١- دروستکردنی کۆلۆنیا و بۆن و ڕۆنی بۆندار.
٢- کارگەکانی پێداویستیەکانی جوانکاری.
٣- چاپخانەکانی ئۆفسێت و چاپکردنی پلێت.
٤- دروستکردنی تەپەدۆر و ئەسترۆپۆل .
٥- کارگەکانی سابوون وگلیسرین وجۆرەکانی شامپۆ و ڕۆنەکانی قژ و پاك کەرەوەکان(شل و پاودەر).
٦- کارگەکانی بەرهەمهێنانی ئیسفەنجی دروستکراو.
٧- دامەزراوەی پیشەسازییەکانی پێستە وەک ( پێڵا و وقایش وجزدان و جانتای پێستی).
٨- دروستکردنی فایبەرگڵاس (ریشاڵە شوشەییەکان).
٩- کارگەکانی تێکەڵکردن و لەکیس کردنی پەینی ئۆرگانی.
١٠- دروستکردنی پێنوسی ڕەصاص و مەرەکەب و قەڵەم جاف.
١١- بەرهەمهێنانی کاغەز و بەرهەمە کارتۆنییەکان و کاغەزی رووپۆشکردنی دیوارە ناوخۆییەکان لە ریسایکلینی بەرهەمەکانی کاغەزی بەکارهاتوو.
١٢- دروستکردنی دەمامکی پاراستن لەگازە ژەهراویەکان و پاراستن لە ڤایرۆس و بەکتریا.
١٣- لەقوتوو نان و پێچانەوەی بەرهەمە کیمیاوییەکان و پاککەرەوە شل و ڕەقەکان.
١٤- کارگەکانی کەتیرەی پیشەسازی و غەرە.
١٥- دروستکردنی هەویر و پۆدرەی ددان.
١٦- لە قووتوو نانی دەرمان وکرێم بێ دروستکردنی ماددەی خاو یان مادده کارتێکەرەکان.
١٧- مەوادی کیمیایی بۆ تێکەڵاوکردن لەگەڵ کۆنکریت .
١٨- عەمبارەکانی پێستەی خۆش نەکراو مەبەستیش ئەوشوێنانەیە کە تەنیا پێستی لێ خوێ و وشك دەکرێتەوە، تا ئامادە بکرێت بۆکاری خۆشکردن.
١٩- دروستکردنی مۆم.
٢٠- کارگەکانی دروستکردنی بوتڵی پلاستیکی ئاوو بوتڵی مەوادی پاککەرەوە و شامپۆ لە ئەمپول و کیسەی نایلۆن و سفرەی سەفەری لە ڕۆڵەی ئامادەکراو.
٢١- کارگەی دروستکردنی تارتان .
٢٢- کۆگاکانی مەوادی کیمیایی و پەین و قڕکەرەکان.
٢٣- دووبارە بەکارهێنانەوەی ڕۆنی خواردن نەک بۆ مەبەستی خواردن .

**سنووردارکردنی شوێنییەکان:**

أ- ڕێپێدەدرێت لەدەرەوەی سنووری شارەوانی بێت یان لە ناوچە پیشەسازیەکان.
ب- دووری لە نیشتەجێبوون و خزمەتگوزاری گشتی لە (١کم)یەك کیلۆمەتر و بەلایەنی کەمەوە لەقەدەغەکراوی ڕێگای هاتوچۆی خێرا و ڕێگا سەرەکییەکان (٥٠٠ م ) پێنج سەد مەتر دووربن.
ج- نابێت یەکەی نیشتەجێبوونی کرێکارەکان و خێزانەکانیان لە ناو کارگەدا هەبێت.

**پێداویستییە ژینگەییەکان:**

أ- دانانی چارە سەرەکان بۆ کۆنترۆڵکردنی پیسکەرەکانی هەوا بە شێوەیەک گازە دەرچووەکان ڕێک بێت لەگەڵ خەسڵەتەکانی هەوا کە دەسەڵاتی ژینگەیی دیاری دەکات.

ب- دانانی یەکەی چارەسەرکردنی پاشماوە شلە پیشەسازییەکان بەر لەوەی بخرێتە نێو تۆڕی ئاوەڕۆی گشتییەوە.

ج- دابین کردنی ڕێژەی سەوزایی کە لە (٢٥٪)ی ڕووبەری پڕۆژەکە کەمتر نەبێت بەچاندنی داری هەمیشە سەوز

د- دابینکردنی پێداویستییەکان بۆ کەمکردنەوەی ژاوەژاو تا ئەو سنوورەی کە ڕێنماییە ژینگەییەکان ڕێیان پێداوە.

هـ- دابینکردنی پێداویستی تەندروستی و سەلامەتی ئەوانەی لە کارگەکاندا کار دەکەن.

**سەبارەت بە کارگەکانی مۆم:**

أ- بەکارهێنانی سووتەمەنی پاك لە پرۆسەکانی گەرمکردن بۆ تواندنەوەی مۆم.

ب- دانانی هەواکێش بە چوستییەکی بەرز کاربکات و چەند جارێك هەوا گۆڕکێی کۆگاکان بکرێت لە ڕۆژێکدا.

**٤- پیشەسازییەکانی داروتەختە:-**

١- کارگەکانی تەڕکردنی دار و تەختە (چارەسەرکردنی کیمیاوی بۆ دارەکان).

٢- کارگەکانی دارە پیشەسازییەکان.

**سنووردارکردنی شوێنەکان:**

أ- ڕێپێدەدرێت بەدامەزراندنی لەدەرەوەی سنووری شارەوانی یان لە ناو ناوچە پیشە سازییەکان، لەو بلۆکەی تەرخان کراوە بۆ پیشەسازییەکانی دار و تەختە.

ب- دووری لە نیشتەجێبوون و خزمەتگوزاری گشتی لە(١کم) یەك کیلۆمەتر کەمتر بن و بەلایەنی کەمەوە لەقەدەغەکراوی ڕێگای هاتوچۆی خێرا و ڕێگا سەرەکییەکان (٥٠٠ م ) پێنج سەد مەتر دووربن.

ج- نابێت یەکەی نیشتەجێبوونی کرێکارەکان و خێزانەکانیان لە ناو کارگەدا هەبێت .

**پێداویستییە ژینگەییەکان:**

أ- هەموو ڕێکارێك بگیرێتەبەر بۆ کەمکردنەوەی ژاوەژاو کە لەئەنجامی بە گەڕخستنی ئەو مەکینە و دەزگایانەی کە لەو کارگانەدان دروست دەبێ.

ب- دابینکردنی هەوا گۆڕکێی باش لەناو هۆڵەکانی کارکردندا.

ج- دابینکردنی فلتەری هەوا بۆ ڕێگریکردن لەبەرزبونەوەی ئەو تۆزەی کە لەئەنجامی پرۆسەی پارچە پارچەکردن بڵاودەبێتەوە.

د- دانانی پارزونگی ئاسنین لەسەر مەنهۆڵەکانی ئاوەڕۆکان، بۆ ڕێگەگرتن لەتێکەڵبوونی پاشماوەی ڕەق لەتۆڕی ئاوەڕۆ و چارەسەرکردنی ئاو بەر لەوەی بچێتە ناو ئاوەڕۆ.

هـ- دابینکردنی حاوییەی سەرپۆشکراو بۆ کۆکردنەوی پاشماوە ڕەقەکان کە لەئەنجامی پرۆسەی بەرهەمهێنان دێتە کایەوە و ڕزگاربوون لێی بەرێگای ەکی ژینگەیی دروست.

و- پێویستە سەرچاوەی ماددەی خاو لە دەرەوەی هەرێم بێت.

ز- دابینکردنی پێداویستی و کەل و پەلی سەلامەتی پیشەیی بۆ ئەو کارمەندانەی لەکارگەکەدا کار دەکەن.
ح- دابین کردنی ڕێژەی سەوزایی کە لە (٢٥٪)ی ڕووبەری پرۆژەکە کەمتر نەبێت بەچاندنی داری هەمیشە سەوز

**٥- پیشەسازییە گەرمەکان و کانزایی و ماددەی بیناسازی:**

١- بەرهەمهێنانی ڕەژوو (خەڵوز) ی دار.
٢- بەرهەمهێنانی ڕەژووی ئاژەڵی لەئێسکی ئاژەڵەکان.
٣- کانەکان شکێنەرەکانی چەوو لم و گەچ و جبس و نورە.
٤- شکێنەرەکان ( کانەکان) مەڕمەڕ.
٥- کارگەی خشت و ترمستۆن و بلۆکی پۆنزاو کورەی سورکردنەوەی قوڕ و جیر و جبس.
٦- هاڕین و وردکردنی بەرد و جبس و جیر و شوشە.
٧- دروستکردنی پەیکەر لە برۆنز و کانزاکانی تر.
٨- دروستکردنی مەڕمەڕی دەستکرد (صناعی) .
٩- کارگەی بەرهەمهێنانی قەلەقیم بەهەموو جۆرەکانیەوە.
١٠- شوێنەکانی غەسالەی چەو و لم.
١١- کارگەکانی بلۆك و میکسەری ناوەندی و کابیسەکان.
١٢-کارگەکانی بینای کۆنکریتی ئامادەکراو و بەرهەمهێنانی پارچەی کۆنکریتی و جبسی ئامادەکراو.
١٣- دروستکردنی کاشی و بەرهەمە چیمەنتۆییەکان (حەوزی چیمەنتۆیی، قەپاغی مەنهۆڵەکان و جۆرەکانی).
١٤-کارگەکانی بەرهەم هێنانی سەقفی سانەوی .
١٥-دەرهێنانی بەرد .

**سنووردارکردنی شوێنەکان:**

أ- ڕێپێدەدرێت بەدامەزراندنیان لەناوچە پیشەسازییەکان و لەو بلۆکانەی کەبۆی دانراوە، سەبارەت بە خاڵی (٣و٥) دەکرێت دابمەزرێندرێن لە دووری (٢کم) دوو کیلۆمەتر کەمتر نەبێت لەدەرەوەی سنووری شارەوانی و کۆمەڵگای نیشتەجێبوون.
ب- نابێت ئەوکارگانە لە دۆڵ و شوێنە نزمە سروشتییەکان دابمەزرێنرێت.
ج- بەلایەنی کەمەوە لە قەدەغەکراوی ڕێگای هاتوچۆی خێرا و ڕێگا سەرەکییەکان (٥٠٠ م ) پێنج سەد مەتر دووربن.
د- نابێت یەکەی نیشتەجێبوونی کرێکارەکان و خێزانەکانیان لە ناو کارگەدا هەبێت.

**پێداویستییە ژینگەییەکان:**

أ- پرۆسەی بەرهەمهێنان دەبێت لەشوێنێکی داخراو بێت لەگەڵ دابینکردنی هەوا گۆڕکێی گونجاو.
ب- چارەسەرکردنی هەموو دەرهاوێشتەکان بۆ بەرگە هەوا و دانانی فلتەری پاککردنەوەی تۆز و خۆڵ لەو ئاستە زیاتر نەبێت لە سنووری ڕێپێدراو لە لایەن دەسەڵاتی ژینگەییەوە دیاریکراوە.
ج- چارەسەرکردنی پاشماوە شلەکان کە لەئەنجامی پرۆسەی بەرهەمهێناندا دێتەکایەوە بەو پێیەی کە گونجاوبێت لەگەڵ سیستەمی پاراستنی سەرچاوە ئاویەکاندا.

د- ڕزگاربوون لەپاشماوە ڕەقەکان کە لەئەنجامی پڕۆسەی بەرهەم دێنە کایەوە بەشێوازێکی ژینگەیی ڕاست و دروست.
هـ- دابین کردنی ڕێژەی سەوزایی کە لە (٢٥٪)ی ڕووبەری پرۆژەکە کەمتر نەبێت بەچاندنی داری هەمیشە سەوز
و- پێویستە شوێنێکی بەکۆمەڵ بۆ کارگەکانی خشت دیاری بکرێت بۆ هەر یەکەیەکی ئیداری ئەگەر پێویستی بە زیاتر لە کارگەیەك بوو، بەمەرجێك بە پێی سنوردارییەکانی سەرەوە بێت.
ز- ئەو پرۆژانەی کە فرن یان سیستەمی سووتاندن بەکاردەهێنن پێویستە سوتەمەنی پاك و سیستەمی سوتاندنی میکانیکی بۆ پاڵنانی سوتەمەنی بەکاربهێنرێ، بۆ ئەوەی سوتاندنێکی تەواو ئەنجام بدرێت بەشێوەیەك کە دەرهاوێشتەکان گونجاو بێت لەگەڵ پێوەرەکانی جۆری هەوا کە دەسەڵاتی ژینگەیی پشتی پێدەبەستێت.
ح- ڕەچاوی ئەو ڕێنماییانە و بەرزەفتکارانەی کەلە وەزارەتی سامانەسروشتییەکان دیاریکراون بۆ ئەو چالاکیانەی پەیوەندی بەو وەزارەتەوە هەیە.
خ- ڕێکخستنەوەی شوێنی کانەکان و شکێنەرەکان دوای هەڵگرتنیان.

**٦- پیشەسازییە کانزاییەکان:**

١- دروستکردنی قووتوەکانی قوتوبەندی کانزایی.
٢- دروستکردن و کوتانی مس.
٣- دروستکردنی ئامراز و کەل و پەلی نەشتەرگەری.
٤- دروستکردنی کاغەزی کانزایی بۆ پێچانەوەی خواردنەمەنی.
٥- کارگەکانی بۆڕی پۆڵاو کارگەکانی بەرهەمهێنانی ستونی کارەبایی بەبێ (الطلاء الكهربائي) یان گەڵڤەنایزکردن.
٦- کارگەکانی دروستکردنی فیلم و کاغەزەکانی وێنەگرتنی فۆتۆگرافی.
٧- دروستکردنی بوتڵەکانی غازی شل و پارچەکانی.
٨- لێکدانی پارچەکانی ئۆتۆمبێلەکان بەهەموو جۆرەکانیەوە (بارهەڵگر، گواستنەوە، کشتوکاڵی، بیناسازی، ماتۆڕسکیل، پایسکیل).

**سنووردارکردنی شوێنەکان:**

**أ-** ڕێپێدەدرێت بە دامەزراندنی لەناو سنووری شارەوانی لەناوچە پیشەسازیەکان سەبارەت بە خاڵی (٥) پێنج ڕێگادەدرێت بە دامەزراندنی لەدەرەوەی سنووری شارەوانی، یان لەناوچەکانی پیشەسازییە قورسەکان.
ب- دووری لە شوێنی نیشتەجێبوون لە (٢کم) دوو کیلۆمەتر کەمتر نەبێت و بەلایەنی کەمەوە لەقەدەغەکراوی ڕێگای هاتوچۆی خێرا و ڕێگا سەرەکییەکان (٥٠٠ م) پێنج سەد مەتر دووربن.
ج- نابێت یەکەی نیشتەجێبوونی کرێکارەکان و خێزانەکانیان لە ناو کارگەدا هەبێت.

**پێداویستییە ژینگەییەکان:**

أ- دەبێ پرۆسەی بەرهەمهێنان لەشوێنێکی داخراودا بێت لەگەڵ دابینکردنی ئامێری کارای هەوا گۆڕکێ.
ب- دابینکردنی هۆیەکانی زاڵبوون بەسەر هەڵم وگازەکان.

ج- دابینکردنی حاوییە بۆ کۆکردنەوەی پاشماوە ڕەقەکان و ڕزگاربوون لەو پاشماوانە لەڕێگای فڕێدانیانەوە لەشوێنەکانی ژێرگڵ کردندا (خستنە ژێر خۆڵ).

د- چارەسەرکردنی پاشماوە شلەکانی پرۆسەی بەرهەمهێنان، بەو پێیەی کەهاوڕێك بێت لەگەڵ سیستەمی پاراستنی سەرچاوە ئاوییەکان.

هـ- دابین کردنی ڕێژەی سەوزایی کە لە (٢٥٪)ی ڕووبەری پرۆژەکە کەمتر نەبێت بەچاندنی داری هەمیشە سەوز

**٧- پیشەسازییە کارەبایی و ئەلکترۆنییەکان:**

١-کارگەکانی گڵۆپ و لولەی ڕوناك کردنەوە.

٢- دروستکردنی سی دی( CD ).

٣- کۆکردنەوەی(تجمیع) ئامێرە کارەباییەکان ( بەفرگر و فرێزەر و فێنککەرەوە و پانکەی کارەبایی و جۆرەکانی)

٤-دروستکردنی کەلوپەلی زانستی وژمێرەیی و کەل وپەلی ئەلیکترۆنی(تەلەفزیۆن وڕادیۆ وژمێرەیی ئەلیکترۆنی)

٥- کۆکردنەوەی بەرهەمە کارەباییەکان ( سویچ و سرکێت و جۆرەکانی).

٦- کارخانەکانی کۆکردنەوە و چاککردنەوە (الصیانة) و بگۆڕە کارەباییەکان .

٧- کۆکردنەوەی گەرم کەرەوەی زەیتی و کارەبایی.

**سنووردارکردنی شوێنەکان:**

أ- ڕێپێدراوە لەناو سنوری شارەوانی و لە ناوچە پیشەسازییەکانی تەرخانکراو دابمەزرێت.

سەبارەت بە بڕگەی (٧) ڕێپێدەدرێت لەدەرەوەی سنوری شارەوانی دابمەزرێت بە دووری (٢کم) دوو کیلۆ مەتر لە شوێنی نیشتەجێبوونەوە دوور بێت و، بەلایەنی کەمەوە لەقەدەغەکراوی ڕێگای هاتوچۆی خێرا و ڕێگا سەرەکییەکان یان لە ناوچەی پیشەسازی قورس (٥٠٠ م ) پێنج سەد مەتر دووربێت.

ب- نابێت یەکەی نیشتەجێبوونی کرێکارەکان و خێزانەکانیان لە ناو کارگەدا هەبێت.

**پێداویستییە ژینگەییەکان:**

أ- چارەسەرکردنی پاشماوە شلە پیشەسازییەکان کە لەئەنجامی پرۆسەی بەرهەمهێناندا دێنەکایەوە بەو پێیەی کە گونجاوبێت لەگەڵ سیستەمی پاراستنی سەرچاوە ئاویەکاندا.

ب- چارەسەرکردنی دەرهاوێشتە گازییەکان و تەنۆچکە هەڵواسراوەکان کە بگونجێت لەگەڵ پێوەرەکانی پاراستنی هەوا .

ج- خۆڕزگارکردن لە پاشماوە ڕەقەکان بە شێوەیەکی دروست و ژینگەیی.

د- دابین کردنی ڕێژەی سەوزایی کە لە (٢٥٪)ی ڕووبەری پرۆژەکە کەمتر نەبێت بەچاندنی داری هەمیشە سەوز.

**سەبارەت بە کارگەکانی دروستکردن یان کۆکردنەوەی بگۆڕە کارەباییەکان:**

أ- هەندێك لە ڕۆنی بگۆڕەکان ژەهری زۆر مەترسیدارن بۆ ژینگە، نابێت بسوتێنرێن یان بچێتە ناو سەرچاوەکانی ئاو یان خۆراك، خۆڕزگارکردن لێیان بە پێی مەرجەکانی ڕزگاربوون لە پاشماوە مەترسیدارەکان و ژەهراوییەکان کە بڕیاریان لێدراوە لەگەڵ چاودێریکردنی بەردەوام.

ب- دابینکردنی بێرنەری تایبەت بۆ ئەم جۆرە ڕۆنە کە پلەی گەرمی زۆر بەرزی هەبێت یان ڕیسایکلینی بۆ بکرێت ئەگەر کارگەی تایبەت بە ڕیسایکلینی ئەم جۆرە ڕۆنە هەبوو

**دووەم: پرۆژە کشتوکاڵییەکان:**

١- سەربڕخانەی نیمچە میکانیك/ سەربڕخانەی میکانیکی.

٢- کێڵگەی پەلەوەر.

٣- پرۆژەکانی بەخێوکردنی ئاژەڵ (مەڕو بزن، مانگا، گوێرەکە (گۆلك)، گامێش).

٤- کێڵگەکانی بەخێوکردنی وشترمەل.

٥- دامەزراوەکانی دروستکردن و بەرهەمهێنان و کۆگاکردنی ئالیکی ئاژەڵەکان و ماسییەکان(جگە لە پرۆتین).

٦- ئامادەکردن و پێچانەوەی پەلەوەڕو باڵندەکان.

٧- پرۆژەکانی بەخێوکردنی ئاژەڵی کێوی.

٨- بەخێوکردنی دووپشک بۆ دەرهێنانی ژەهرەکەی.

٩- هەڵهێنەرەکان.

١٠- دامەزراندنی سایلۆکان.

**سنووردارکردنی شوێنەکان:**

أ- ڕێپێدەدرێت لە دەرەوەی سنوری شارەوانی دابمەزرێت و، دووریەکان بەم شێوەیە دەبێت:

**١- دووری لە سنووری شارەوانی پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان:**

أ- پرۆژەکانی نەژاد (٢٠کم) بیست کیلۆمەتر.

ب- پرۆژەکانی دایکانەی (گۆ شت و هێلکە) و هێلکەی خواردن و تەواو کاری سەربڕخانەی پەلەوەر (٥کم) پێنج کیلۆمەتر.

ج- پرۆژەکانی پەلەوەری گۆشت و قەل و وشترمەل و هەڵهێنەر و کاوێژکارەکان و کارگەی ئالیک (٣کم) سێ کیلۆمەتر.

**٢- دووری لە سنووری شارەوانی قەزا و ناحیەکان (شارەدێ):**

أ- پرۆژەکانی نەژاد(٥کم) پێنج کیلۆمەتر.

ب- پرۆژەکانی دایکانەی (گۆشت و هێلکە) و هێلکەی خواردن و تەواوکاری و سەربڕخانەی پەلەوەر (٢کم) دوو کیلۆمەتر.

ج- پرۆژەکانی پەلەوەری گۆشت و قەل و وشترمەل و هەڵهێنەر و کاوێژکارەکان و کارگەی ئالیک (٢کم)دوو کیلۆمەتر.

**٣- دووری لە کۆمەڵگەی نیشتەجێبوون:**

أ- پرۆژەکانی نەژاد (٥کم) پێنج کیلۆمەتر.

ب- پرۆژەکانی دایکانەی (گۆشت و هێلکە) و هێلکەی خواردن و تەواوکاری و سەربڕخانەی پەلەوەر (١٥٠٠م) هەزارو پێنج سەد مەتر.

ج- پرۆژەکانی پەلەوەری گۆشت و قەل و وشتر مەل و هەڵهێنەر و کاوێژکارەکان و کارگەی ئالیک (١٠٠٠م) هەزار مەتر.

**٤- دووری لە گوند:**

أ- پڕۆژەکانی نەژاد (٥کم) پێنج کیلۆمەتر.

ب- پڕۆژەکانی دایکانەی (گۆشـــت و هێلکە) و هێلکەی خواردن و تەواوکاری و ســـەربڕخانەی پەلەوەر (١٠٠٠م) هەزار مەتر.

ج- پڕۆژەکانی پەلەوەری گۆشـت و قەل و وشـتر مەل و هەڵهێنەر و کاوێژکارەکان و کارگەی ئالیک (٥٠٠م) پێنج سەد مەتر.

**٥-** بەلایەنی کەمەوە لەقەدەغەکراوی رێگای  هاتوچۆی خێراو رێگا سەرەکییەکان(٥٠٠م)پێنج سەدمەتر دوور بن

**٦-** دووری لە رێگای لاوەکی بۆ گشت پڕۆژەکان (١٥٠م) سەد و پەنجا مەتر.

٧- دووری لە رێگای  گوند بۆ گشت پرۆژەکان (١٠٠م) سەد مەتر.

٨- دووری لە زێ و رووبار و ڕێرەوەکانی ئاوە سروشتییەکان.

أ- پڕۆژەی نەژاد (٣٠٠م) سێ سەد مەتر.

ب- سەربڕخانەی پەلەوەر (١٠٠٠م) هەزار مەتر.

ج- پڕۆژەکانی تر (٢٠٠م) دووسەد مەتر.

٩- دووری لە هێلی پالەپەستۆی کارەبای بەرز بۆ گشت پڕۆژەکان (١٠٠م) سەد مەتر.

١٠- دووری لە شـــوێنی گەشـــتوگوزار و شـــوێنەوار و (مەزارگە و شـــوێنە پیرۆزەکان )و بەنداو و دەریاچە و فرۆکەخانە و بیرە نەوتییەکان و مۆڵگەی سەربازی:

أ-  ( پڕۆژەکانی نەژاد (٣کم ) سێ کیلۆمەتر.

ب-  (پڕۆژەکانی تریش( ٣کم ) سێ کیلۆمەتر.

**١١- دووری لە شوێنی گۆڕستان:**

أ- پڕۆژەکانی نەژاد(١کم) یەک کیلۆمەتر.

ب- پڕۆژەکانی تر (٣٠٠م) سێ سەد مەتر.

ج- نابێت یەکەی نیشتەجێبوونی کرێکارەکان و خێزانەکانیان لە ناو کارگەدا  هەبێت.

د- ســـە بارەت  بە بڕ گەی (٨)  بەخێوکردنی دووپشـــك بۆ دەرهێنانی ژەهرە کەی،  بە دەردەبێت  لە دووری نیشتەجێبوون بەڵام نابێت لە گەڕەکی نیشتەجێبوون بێت.

**سەبارەت بە پڕۆژەکانی سەربڕخانەکان:**

بەپێی ڕێنمایی  تایبەت بە ســـەربڕ خانە کان لە هەرێمی کوردســـتـان – عێراق دەرچووە  ناوەڕۆک و بڕگەو ماددەکانی بە هەماهەنگی لەگەڵ لایەنی پەیوەندیدار جێبەجێ دەکرێت.

**سەبارەت بە پڕۆژەکانی کێڵگەی پەلەوەر:**

١- ڕێپێدەدرێت بە دامەزراندنیان لە دەرەوەی سـنوری شـارەوانی لەسـەر زەوی بەردەڵان یان زەوی کشـتوکاڵی سیفاتی کشتوکاڵی نەمابێت.

٢- دووری پڕۆژەکانی پەلەوەری گۆشـــت لە هاوشـــێوەکانی و لە پەلەوەرەکانی قەل و ووشـــترمەل دەبێت لە (٥٠٠م) پێنج سەد مەتر کەمتر نەبێت.

٣- دووری پڕۆژەکانی پەلەوەر لە پەلەوەرەکانی تر (هێلکەی خواردن، دایکانە) لە(٢کم) دوو کیلۆمەتر کەمتر نەبێت
٤- دووری پڕۆژەکانی پەلەوەر لە پڕۆژەی پەلەوەرەکانی تر (باپیران) لە (٥کم) پێنج کیلۆمەتر کەمتر نەبێت.
٥- دووری پڕۆژەکانی پەلەوەر لە هەڵهێنەرەکان لە (١٠٠٠م) هەزار مەتر کەمتر نەبێت.
٦- دووری پڕۆژەکانی پەلەوەر لە کارگەکانی ئالیك لە (١٠٠٠م) هەزار مەتر کەمتر نەبێت.
٧- دووری پڕۆژەکانی پەلەوەر لە سەربڕخانەکان لە (٢کم) دوو کیلۆمەتر کەمتر نەبێت.
٨- دووری پڕۆژە کانی پەلەوەر لە بەنزینخانە کان لە (١٠٠٠م) هەزار مەتر کەمتر نەبێت و لە پڕۆژە کانی تر لە (٥٠٠م) پێنج سەد مەتر کەمتر نەبێت.
٩- دووری پڕۆژەکانی پەلەوەر لە نزیکترین سەرچاوەکانی ئاو لە (١٠٠م) سەد مەتر کەمتر نەبێت.
١٠- دووری نێوان هۆڵەکانی بەرهەمهێنان لە یەك پڕۆژەدا لە (٢٠م) بیست مەتر کەمتر نەبێت.
١١- دووری لەگەڵ پڕۆژەکانی بەخێوکردنی ئاژەڵ لە ( ٣٠٠م) مەتر کەمتر نەبێت.

**سەبارەت بە پڕۆژەکانی بە خێوکردنی ئاژەڵ:**

١- ڕێی پێدەدرێت لەدەرەوەی سنوری شارەوانی بێت و دووریەکەی لە نیشتەجێبوون لە (١کم) یەك کیلۆمەتر کەمتر نەبێت و، لەسەر زەوی بەردەڵان یان زەوی کشتوکاڵی سیفاتی کشتوکاڵی نەمابێت.
٢- دووری پڕۆژەکە لەهەر سەرچاوەیەکی ئاو لە (٢٥٠م) دووسەد و پەنجا مەتر کەمتر نەبێت.
٣- دووری پڕۆژەکە لە پڕۆژەکانی پەلەوەر لە (٣٠٠م) سێ سەد مەتر کەمتر نەبێت.
٤- دووری پڕۆژەکە لە هاوشێوەی لە (٥٠٠م) پێنج سەد مەتر کەمتر نەبێت.

**پڕۆژەکانی بە خێوکردنی ئاژەڵی کێوی:**

١- دەکرێت لە دەرەوەی سنووری شارەوانی دروست بکرێت و دووریەکەی لە نیشتەجێبوون (١کم) یەك کیلۆمەتر کەمتر نەبێت.
٢- ڕەزامەندی لایەنی پەیوەندیدار وەربگرێت بەتایبەتی کشتوکاڵ و ڤێتەرنەری.
٣- دەبێت لەلایەن کەسانی پسپۆڕ و شارەزا سەرپەرشتی بکرێت و شوێنی تایبەتیان بۆ دیاری بکرێت.
٤- دەبێت سەرچاوەی بوونی ئاژەڵەکان دیاربێت کە لێوەی هاتووە بە نووسراوی فەرمی.
٥- بەهیچ شێوەیەک نابێت ئاژەڵی کێوییەکانی ناوەوەی هەرێمی کوردستان بێت و ، ڕاو کرا بێت.
٦- لەکاتی لەدایکبوونی هەر بێچوویەک پێویستە فەرمانگەی ژینگەی لێ ئاگاداربکرێتەوە بۆ ئەوەی تۆمار بکرێت

**سەبارەت بە پڕۆژەی بەخێوکردنی دووپشک بۆ دەرهێنانی ژەهرەکەی:**

١- دەبێت دووپشکەکان هی ناوخۆی هەرێمی کوردستان بێت.
٢- ئەگەر لەدەرەوەی هەرێمی کوردستان هاوردە کرا، دەبێت ڕەزامەندی دەستەی ژینگە وەربگرێت بۆ زانینی ( ژمارە وجۆر وسوری ژیانی دووپشکەکان).
٣- نابێت بە هیچ شێوەیەک ئەو دووپشکانەی بەخێودەکرێن دژەی پێبکرێت وبەرەڵای سرو شت بکرێت، لەبەر بوونی مەترسی بۆ سەر ژیانی خەڵك .
٤- نابێت ئەو کارمەندانەی لەو شوێنە کاردەکەن هەستیارییان هەبێت بە پێودانی دووپشک.
٥- پێویستە بە سوود وەرگرتن لە سامانی سرو شتی کورد ستان، هەر بڕیارێک دەربچێت لە داهاتوو پابەندبن پێوەی لەسەر دەستکەوتنی داهاتی سروشتی بۆ سندوقی ژینگە.

**پێداویستییە ژینگەییەکان:**

أ- پەرژینکردنی پڕۆژە کە بەرزیەکەی لە (٢م) دوو مەتر کەمتر نەبێت.

ب- دابینکردنی بێرنەری ڕێك وپێك لەگەڵ تواناى بەرهەمى پڕۆژەکە بگونجێت بۆ سوتاندنی فەوتاوەکان و پاشماوە ڕەقەکان.

ج- لەکاتی هەبوونی فەوتاو لە پڕۆژەی پەلەوەر یان پڕۆژەی هێلکەی خواردن یان هەڵهێنان کەتووشی نەخۆشی ئەنفلۆنزای پەلەوەر دەبن، پێویستە بسوتێنرێت لەوبێرنەرییەی کە هەیە یان لەناو کیسی پلاستیکی توندوتۆڵ دابنرێت و لە چاڵێکی قووڵ بخرێتە ژێرگڵ.

د- ئاوەڕۆی شوشتنی هۆڵەکان و زەمینەکانیان بڕژێتە ناو حەوزی گونجاو و دەبێت چارەسەر بکرێت بەر لە ڕۆیشتنی بۆ ئاوەڕۆ بەدانانی یەکەی چارەسەری ئاوەڕۆ.

هـ- پاشماوە ڕەقەکان بە ڕێگای ەکی دروست و ژینگەیی چارەسەر بکرێت.

و- چارەسەرکردنی بۆنە ناخۆشەکان کە لەم چالاکیانە دەردەچێت بە ڕێگەیەکی دروست و ژینگەیی.

ز- دابین کردنی ڕێژەی سەوزایی کە لە (٢٥٪)ی ڕووبەری پڕۆژەکە کەمتر نەبێت بە چاندنی داری هەمیشە سەوز، سەبارەت بە کێڵگەکانی پەلەوەر وا باشترە دەوەن یان داری کورت بچێنرێت بۆ ئەوەی ڕێگری بکرێت لە گواستنەوەی نەخۆشی ئەنفلۆنزا لە ڕێگەی باڵندە کۆچەرییەکان

**سێیەم: دامەزراوە تەندروستییەکان:-**

١- بنکە وکۆمەڵگا تەندروستییەکان کە تاقیگە و ژووری تیشکی تیادایە.

٢- بنکە و نۆرینگەکانی جوانکاری کە بە ڕێگای نەشتەرگەری ئەنجام دەدرێت.

٣- تاقیگەکانی شیکردنەوەی نەخۆشییەکان.

**سنووردارکردنی شوێنەکان:**

١- ڕێپێدەدرێت لەناو سنووری شارەوانی دروست بکرێت لە شەقامی فراوان و بازرگانی، دووری لە کۆمەڵگەکانی نیشتەجێبوون لە (١٠م) دە مەتر کەمتر نەبێت.

**پێداویستییە ژینگەییەکان:**

أ- دابینکردنی ڕێژەی سەوزایی کە لە (٢٥٪)ی ڕووبەری پڕۆژەکە کەمتر نەبێت بە چاندنی داری هەمیشە سەوز.

ب- دانانی یەکەی چارەسەر کردنی پاشەڕۆی شلی پزیشکی و ئاوەڕۆی تاقیگەکان پێش ئەوەی بڕژێتە ناو ئاوەڕۆی گشتی.

ج- دانانی یەکەی چارەسەرکردنی ئاوەڕۆ.

د- خۆ ڕزگارکردن لە پاشماوە رەقەکانی ئاسایی (مەترسیدار نەبێت) بە گواستنەوەی بۆ شوێنی ژێر خاککردنی پاشماوەکانی شارەوانی.

هـ- خۆ ڕزگارکردن لەو پاشماوانە کە لە بڕگەی (د)ی سەرەوە ئاماژەیان پێنەکراوە وەکو پاشماوەی ژوورەکانی نەشتەرگەری و تاقیگەکان هەروەها کەل و پەلە پیسبووەکان وەکو بەستەر و شاش و لۆکە وسرنجەکان لە حاوییەی تایبەت کۆبکرێتەوە دواتر بە مایکرۆوەیف یان بە ئۆتۆکلیف چارەسەر بکرێت لەناو نەخۆشخانەکە یان لە سووتێنەرێکی ڕێپێدراو بسوتێنرێت.

و- خۆ رزگارکردن لە شـــانە و پارچەی لاشـــەی مرۆڤ کە لە نەشـــتەرگەرییەوە پەیدا دەبن بە بەکارهێنانی سووتێنەری نیزامی.

ز- ســـەبارەت بەو پاشـــماوانەی کە کەل وپەلی تیشـــکدەری تێدایە، دەبێت بەپێی یاســـا و رێنمایی لایەنە پەیوەندارەکان کاربکرێت لەو بوارە، لەوانە یاسا و رێنماییەکانی دەستەی پاراستن وچاککردنی ژینگە.

ح- پێویستە ژوورەکانی تیشک بەپێی رێنماییەکانی خۆپاراستن لە تیشک بێت

**چوارەم : پڕۆژەکانی ووزە و دامەزراوە بنەڕەتیەکان:-**

١-ســـیســـتەمەکانی گواســـتنەوە زەبەلاحەکان (گەورەکان) و رێگا خێراکان لەنێویاندا میترۆکان وپردەکان وتونێلەکان.

٢- هیڵەکانی گواستنەوەی ووزەی کارەباو، وێستگەکانی گۆڕین کە لە لیستی پڕۆژەکانی پۆلینی (أ) ئاماژەیان پێ نەکراوە.

٣- شوێنی کاری پاککردنەوەی جۆگە و چەمە سەرەکییەکانی ئاو.

٤- دروســـتکردنی ڕێڕەوی نیشـــتنەوەی فڕۆکەکان کە درێژیەکەی (١٥٠٠م) هەزار وپێنج ســـەد مەترە یان کەمتر (فراوان کردنی فڕۆکەخانە دروستکراوەکان ).

٥- دروستکردنی ڕێڕەوی نیشتنەوەی فڕۆکە کشتوکاڵیەکان.

٦-شەقامی ناوخۆیی و رێگاکانی رۆیشتنی خێرا لەناو شارەکان.

٧-پڕۆژەکانی نیشتەجێبوون بە هەموو جۆرەکانی.

٨- بیناو باڵەخانەکان کە رووبەری زەویەکانیان (١٠٠٠م٢) هەزار مەتر دووجاو زیاترە یان ژمارەی نهۆمەکانیان (٨) هەشت نهۆم بەژێر زەمینەوە یان زیاتر.

٩- وێستگەکانی بەرهەمهێنانی ووزە بە بەکارهێنانی ووزەی با.

١٠- بازاڕە گشتییەکان و مۆڵەکان.

١١- وێستگەکانی سووتەمەنی .

١٢- گەراج و شوێنەکانی پشکنینی توند و تۆڵی سەلامەتی ئۆتۆمبێلەکان.

١٣- وێستگەکانی غازی LPG.

١٤- دامەزراندنی عەمبارەکانی کۆگاکردنی ســـووتەمەنی (بەنزین و غاز و دیزل ونەوتی ســـپی) کە توانای کۆگا کردنیان لە (٢٥٠٠٠٠لتر) دوو سەد و پەنجا هەزار لیتر کەمترە .

١٥- کۆمەڵگای پەروەردەیی .

**سنووردارکردنی شوێنەکان:**

١- ســـەبارەت بە بڕگەی (١ و٢ و٣ و٨ و ١٠ و ١٥ ) دەکرێت لەناو یان لە دەرەوەی ســـنووری شـــارەوانی دروســـت بکرێت و دوورییەکەی لە (٢٠م) بیست مەتر کەمتر نەبێت لە نزیکترین یەکەی نیشتەجێبوون.

٢- سەبارەت بە بڕگەی (٤و٥) دەکرێت لەدەرەوەی سنووری شارەوانی دروست بکرێت و دووری لە کۆمەڵگاکانی نیشتەجێبوون لە (١کم) یەک کیلۆمەتر کەمتر نەبێت.

٣- سەبارەت بە بڕگەی (٧ و٨) دەکرێت لەناو سنووری شارەوانی دروست بکرێت.

٤- دووری ڕێڕەوی نیشتنەوەی فڕۆکەکان لەقەدەغەکراوەکانی ڕێگای گشتی لە(١کم) یەک کیلۆمەتر کەمتر نەبێت

٥- سەبارەت بەخاڵی (٥) دەبێت لەدەرەوەی سنووری شارەوانی دابمەزرێت و دووری لە کۆمەڵگای نیشتەجێبوون لە (١کم) یەک کیلۆمەتر کەمتر نەبێت ، بەلایەنی کەمەوە لە قەدەغەکراوی ڕێگای هاتوچۆی خێرا و ڕێگا سەرەکییەکان(٥٠٠م) مەتر دووربن.

**پێداویستییە ژینگەییەکان:**

أ- دابینکردنی یەکەی چارەسەرکردنی پاشەڕۆی شل و بگونجێت لەگەڵ ڕێنماییەکانی سیستەمی پاراستنی سەرچاوەکانی ئاو.

ب- چارەسەرکردنی دەرهاوێشتە گازییەکان و تەنۆچکە هەڵواسراوەکان، بگونجێت لەگەڵ تایبەتمەندی هەوا کە لە لایەن دەسەڵاتی ژینگەیی کاری پێدەکرێت.

ج- خۆ رزگارکردن لە پاشماوە رەقەکان بە شێوەی دروست و ژینگەیی.

د- دابینکردنی ڕێژەی سەوزایی کە لە (٢٥٪)ی ڕووبەری پڕۆژەکە کەمتر نەبێت بە چاندنی داری هەمیشە سەوز.

هـ- دەربارەی ئەو پڕۆژانەی کە ڕۆنی پیشەسازی بەکاردەهێنن، دەبێت بە شێوەیەک هەڵسوکەوتی لەگەڵدا بکرێت کە ڕێپێدراوبێت ،وە لەناو بردنی پاشماوەکانی بە شێوەی زانستی و ژینگەیی بێت.

و- دابینکردنی سیستەمی ئاگرکوژێنەوە و ئاگادارکردنەوەی پێشوەخت لەو پڕۆژانەی کە پێوستە هەبێت.

ز- سەبارەت بە هەردوو بڕگەی (٤و٥) دەبێت پێداویستییەکانی بەرگری شارستانی پێویست دابین بکەن بۆ پاراستنی شوێنەکان وناوچەکانی دەورووبەری لە ڕووداوەکانی لەناکاو بەپێی ڕێنماییەکانی بەرگری شارستانی

**ت- لە کاتی دانانی وێستگەکانی غازی LPG دەبێت ئەم خاڵانەی خوارەوە ڕەچاو بکرێت:**

١- لەسەر ڕێگای بازرگانی پانیەکەی لە (٢٠م) بیست مەتر کەمتر نەبێت.

٢- دووری لەشوێنی نیشتەجێبوون لە (٥٠م)پەنجا مەتر کەمتر نەبێت.

٣- دووری وێستگە لە پردەکان تونێلەکان (نفق) کەمتر نەبێت لە (٥٠٠م) مەتر.

٤- ڕووبەری زەوی لە (١٠٠٠م) هەزار مەتر کەمتر نەبێت.

٥- دووری لە نێوان وێستگەو کارگەکان و قوتابخانەکان و هۆڵی بۆنەکان و نەخۆشخانەکان و کۆمەڵگەکان و ناوەندەکانی بازرگانی کەمتر نەبێت لە (١٠٠م) سەد مەتر.

٦- دووری لە نێوان وێستگە و شوێنەکانی فرۆشتن و دابەشکردنی بوتڵی غاز کەمتر نەبێت لە (١٠٠م)سەد مەتر.

٧- دووری لە نێوان وێستگەی سووتەمەنی و وێستگەکانی تر کەمتر نەبێت لە (٥٠٠م)پێنج سەد مەتر.

٨- ئەگەر دووری وێستگە لە سنووری دامەزراوە سەربازییەکان و فرۆکەخانەکان کەمتر نەبێت لە (١٠٠٠م) هەزار مەترو، پێویستە ڕەزامەندی لایەنی ئاسایش وەربگرێت پێش وەرگرتنی مۆڵەت.

ی- سەبارەت بە بڕگەی (١١ وێستگەکانی سووتەمەنی) سنوورداریەتی تایبەتی هەیە وەکو:

١- دەکرێت لەناوەوەو لە دەرەوەی سنووری شارەوانی دروست بکرێت لە هەموو شوێنەکان جگە لە زەوی کشتوکاڵی

٢- دەبێت دووریەکەی بە لایەنی کەمەوە (١٠م) دە مەتر لە نزیکترین نیشتەجێبوون و شەقامی گشتی و (٢٠م) بیست مەتر لە قوتابخانەکان و باخچەکانی ساوایانی و داینگەکان و نەخۆشخانەکان و شوێنەکانی خزمەتگوزاری گشتی ( نەخۆشخانە و بنکەی تەندروستی و فەرمانگەکانیی حکومی ) بێت.

**پێنجەم: پڕۆژە گەشتیارییەکان:-**

١- دروستکردنی هۆتێلی (٤) چوار ئەستێرە و زیاتر یان ئەو هۆتێل و شوێنە گەشتیاریانەی دەکەونە ناو ناوچەکانی ژینگەیی هەستیار یان لەو ناوچانە کە چڕی دانیشتوانیان زۆرە یان لە نزیك پارێزراوە سروشتیەکانە یاخود لە شوێنە گەشتیارییەکان.

٢- ئەو چێشتخانە و کافتریایانەی کە باڵخانەکەیان دەکەوێتە سەر رووبار ودەریاچە و چەمەکانی ئاو.

٣- دروستکردنی دەریاچە دەستکردەکانی گەشتیاری یان پیشەسازی یان کشتوکاڵی یان خزمەتگوزاری.

٤- شاری یاری کارەبایی و گەشتیاری (خۆش گوزەرانی).

٥- دروستکردنی باخچەی ئاژەڵان.

٦- پڕۆژەی خانەی ئەسپ سواری .

**سنووردارکردنی شوێنەکان:** دەکرێت لەناوەوەو لە دەرەوەی سنووری شارەوانی دروست بکرێت.

**پێداویستییە ژینگەییەکان:**

أ- دابینکردنی یەکەی چارەسەرکردنی پاشەڕۆی شل بگونجێت لەگەڵ رێنماییەکانی سیستەمی پاراستنی سەرچاوەکانی ئاو.

ب- چارەسەرکردنی دەرهاوێشتە گازییەکان و تەنۆچکە هەڵواسراوەکان، بگونجێت لەگەڵ خەسڵەتەکانی (مواصفات) هەوا کە لە لایەن دەسەڵاتی ژینگەیی کاری پێدەکرێت.

ج- خۆ رزگارکردن لە پاشماوە رەقەکان بە شێوەی دروست و ژینگەیی بە هاوکاری لایەنە پەیوەندیدارەکان.

د- دابینکردنی رێژەی سەوزایی کە لە (٢٥٪)ی ڕووبەری پڕۆژەکە کەمتر نەبێت بە چاندنی داری هەمیشە سەوز.

هـ- دابینکردنی سیستەمی ئاگرکوژێنەوە و ئاگادارکردنەوەی پێشوەخت لەو پڕۆژانەی کە بوونیان پێوستە.

و- پێداویستییەکانی بەرگری شارستانی پێویست دابین بکەن بۆ پاراستنی شوێنەکان و ناوچەکانی دەوروبەری لە رووداوەکانی لەناکاو بە پێی رێنماییەکانی بەرگری شارستانی.

**شەشەم: پڕۆژەکانی گەیاندن:-**

بەدالەکانی ناوەندی بۆ سیستەمەکانی مۆبایل:

**سنووردارکردنی شوێنەکان و پێداویستییە ژینگەییەکان:**

دەبێت کار بە رێنمایی ( خۆپاراستن لە تیشکی نائایۆنی دەرچوو لە سیستەمەکانی پەخش و ناردن و پەیوەندیە بێتەلەکان) بکرێت کە لە دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگەی هەرێم دەرچووە.

**ماددەی (٥):**

**چالاکیە پیسکەرەکانی ژینگە لە پۆلێنی (ج)**

**یەکەم: پڕۆژە پیشەسازییەکان:**

**١- پیشەسازییە خۆراکییەکان:**

١- فڕن و نانەواخانەکان.

٢- فرۆشگاکانی برژاندنی دانەوێڵە و پاقلەمەنی / دوکانەکانی ئامادەکردن و لێنان و توێکڵ لێکردنەوەی دانەوێڵە.

٣- پیشەسازی دەستی ساردەمەنی و شەربەت و شیرەمەنییەکان.

٤- دوکانەکانی دروستکردنی حەڵوا لە هەویر / دروستکردنی حەلوای ووشك / دروستکردنی حەلوای تەحینی.

٥- چێشتخانە بچووکەکان و دوکانەکانی دابینکردنی خواردەمەنی.

٦- فرۆشگاکانی فرۆشتنی شیرەمەنی.

٧- دروستکردنی شیرەمەنی بەدەست.

٨- کارگەکانی ووشککردنەوەی سەوزە و میوە.

٩- کارگەکانی بەرهەمهێنانی سەوزە و میوەی پێچراوە بە ڕێژەی (١٠٠٠)هەزار تۆن یان کەمتر ساڵانە کە لەناو ناوچەی پیشەسازی ڕێپێدراو دروست دەکرێت.

١٠- کارگەکانی دروستکردنی بەرهەمەکانی ماسی (ڕاوکراو لە ڕووبار و دەریا) بە بەبڕی (١٠٠٠) هەزار تۆن یان کەمتر ساڵانە.

١١- کارگەکانی دروستکردنی سەهۆڵ (بەفر).

١٢-ووردکردن و لە پاکەتکردنی خورما.

١٣- کارگەکانی لە قوتوونانی سرکە.

١٤-ئاشەکان و کارگەکانی توێکڵ لابردن و هاڕینی دانەوێڵە و ئاشی بەهارات و جۆرەکانی.

١٥-فرۆشگاکانی خاوێنکردنەوە و کۆگاکردن و فرۆشتنی دانەوێڵە.

١٦-کارگەکانی مەعکەرۆنە و شەعریە.

١٧-کارگەکانی جیاکردنەوە و لە شوشە نانی هەنگوین.

١٨-کارگەکانی خوێی خواردن (خوێی چێشت).

١٩-گوشەرەکانی زەیتون و کونجی وگوڵەبەڕۆژە و گەنمەشامی و لە قوتوونان و لە بوتڵکردنی ڕۆن بە ڕێگای سارد و گوشین.

٢٠-کارگەکانی نیشاستە.

٢١-کارگەکانی دروستکردنی کوبە بە هەموو جۆرەکانی و هەموو جۆرە کەلوپەلە خۆراکییەکان.

٢٢- کارگەکانی پڕکردنەوە و لە کیسنانی دانەوێڵە.

٢٣- پڕکردنەوەو لە کیسنانی توتن و توتنی نێرگەلە (تنباك).

٢٤- شوێنی دروستکردنی ئایس کرێم، کە توانای بەرهەمهێنانی لە (٢) دوو تۆن کەمتر بێت.

٢٥- کارگەی بەرهەمهێنانی ( فلتەر تیوب) ی جگەرە (بێ تووتن و نێرگەلە).

٢٦- لەکیسنان و لەقوتوونانی هەموو جۆرەکانی شیر.

٢٧- کارگەی بەرهەم هێنانی تەواوکاری خۆراکی .

٢٨- دروستکردنی کۆگای دانەوێڵە و کۆگای وشکە .

٢٩- کارگەکانی چپس و جۆرەکانی پێویستە ڕووبەری پرۆژەکە لە(١٥٠م٢) سەد وپەنجا مەتردووجا کەمتر بێت

٣٠- شوێنی پاککردنەوەی پەتاتە .

٣١- کارگەکانی دروستکردنی پەشمەک ( شعر بنات ) .

**سنووردارکردنی شوێنەکان:**

أ- ڕێپێدەدرێت بە دامەزراندنیان لە ناو سنووری شارەوانی یان لە شوێنی بازرگانی و دەتوانرێت لە دەرەوەی سنووری شارەوانی و ناوچەی پیشەسازی دابمەزرێنرێت.

ب- برگەکانی (٩و١٠و١١و١٢و١٨و١٩و٢١و٢٢و٢٣و٢٤و٢٦و٢٧و٢٨و٣٠) ڕێگەی پێنادرێت لە شوێنی بازرگانی دابمەزرێت.

ج- نابێت یەکەی نیشتەجێبوونی کرێکارەکان و خێزانەکانیان لە ناو کارگەدا هەبێت.

**پێداویستییە ژینگەییەکان:**

أ- دابینکردنی پێداویستییەکانی سەلامەتی و ئاسایش لەناو پرۆژەکە.

ب- چارەسەرکردنی دەرهاوێشتە گازییەکان و تەنۆچکە هەڵواسراوەکان بەشێوەیەك بگونجێت لەگەڵ ڕێنماییەکانی ژینگە.

ج- خۆ ڕزگارکردن لەپاشماوە ڕەقەکان بەشێوەیەکی زانستی بەهەماهەنگی لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان.

د- دابینکردنی ڕێژەی سەوزایی بەپێی دەسەڵاتی ژینگەیی دەبێت، لە حاڵەتی نەبوونی شوێنی سەوزکردن پێویستە بەدوو هێندە قەرەبوو بکاتەوە.

هـ- سەرچاوەی ئاوی بەکارهاتوو دەبێت لە تۆڕی ئاوی خواردنەوە بێت یان لە کارگەکانی شیرینکردنی ئاو.

و- دانانی یەکەی چارەسەرکردنی ئاوەڕۆی پرۆژەکان بەپێی پێویستی پرۆژەکە.

ز- کارگەکانی دروستکردنی سەهۆڵ (بەفر) دەبێت ئەم خاڵانەی خوارەوە جێبەجێ بکەن:

١- قالبەکانی دروستکردنی سەهۆڵ (بەفر) لەماددەی ئاسنی دژی ژەنگبوون بێت ( ئاسنی پۆڵای بەرگر).

٢- پرۆسەکانی دروستکردنی سەهۆڵ (بەفر) دەبێت لە شوێنی داخراو بێت.

٣- دابینکردنی هەوا گۆڕکێی باش بۆ نەهێشتنی کاریگەرییەکانی لێچوونی لەناکاوی گازەکانی ساردکەرەوە.

٤- دابینکردنی کۆگای تایبەت بۆ بوتڵی گازی ساردکەرەوە کە هەوا گۆڕکێی گونجاوی لەگەڵ سەرچاوەی ئاو (پرژێن) بۆ چارەسەرکردنی لێچوونی بوتڵەکانی تێکچوو تا چارەسەر بکرێت.

٥- دەکرێت ئاوی ساردکەرەوە و شوشتن بچێتە ناو ئاوەڕۆی گشتی، لە کاتی نەبوونی تۆڕی ئاوەڕۆ ئاوەکان لەناو حەوزێکی گونجاو کۆدەکرێتەوە و دواتر بە تاڵ دەکرێت.

٦- بەکارهێنانی گازی ساردکەرەوەی ڕێپێدراو بە پێی ڕاسپاردەکانی لیژنەی نیشتمانی ئۆزۆن.

**٢- پیشەسازی ڕستن و چنین و ڕیشاڵی پیشەسازی:**

١- کارگەکانی چنین کە یەکەی بۆیەکردنیان نیە لە ناو ناوچەکانی پیشەسازی دادەمەزرێن.

٢- پەڕەکردنی لۆکەو دوکانەکانی کەپس و پاککردنەوەی لۆکەو کارگەکانی لۆکەی پزیشکی.

٣- کارگەکانی گوریس و پەت (بە مەرجێك کاری دروستکردنی پلاستیکی تێدا نەبێت).

٤- کارگەکانی چنین کە بریتیە لە (گۆرەوی ، دروستکردنی پەتك ، پەتکی لاستیکی ، لاستیك ، قەیتان) دروست کردنی قۆپچە و کەپس کردنیان / دروستکردنی جل و بەرگ بە بێ سپیکردن (تبییض) یان بۆیە کردن / چنینی دەستکرد / دوکانەکانی ئیشپێکردنی بەرهەمەکانی چنین وشوێنی چنراوەکان و مافور و دوکانەکانی دۆشمە بەمەکینەی دوورمان.

٥- کارگەکانی پەرشوبڵاوکردنی ڕیشاڵی ڕووەکی وەکو (کەتان و لیفە) و پەڕەکردنیان.

**سنووردارکردنی شوێنەکان:**

أ- ڕێپێدەدرێت لەناو سنووری شارەوانی لەناو ناوچەی پیشەسازی دروست بکرێت و لەو بلۆکانەی بۆ پیشەسازی خۆراك تەرخان نەکراون.

ب- دەکرێت لە دەرەوەی سنووری شارەوانی درو ست بکرێت و دووریەکەی لە (٢٥٠م) دوو سەد و پەنجا مەتر کەمتر نەبێت لە نزیکترین نیشتەجێبوون.

ج- نابێت یەکەی نیشتەجێبوونی کرێکارەکان و خێزانەکانیان لە ناو کارگەدا هەبێت.

**پێداویستییە ژینگەییەکان:**

أ- دەبێت پڕۆسەکانی بەرهەمهێنان لە شوێنی داخراو و هەوا گۆڕکێیەکی گونجاوی هەبێت.

ب- دابینکردنی ئامێرەکانی کۆنترۆڵکردنی تەپ و تۆز و پاشماوەی ڕیشاڵی پڕۆسەکانی بەرهەمهێنان.

ج- دابینکردنی حاوییە بۆ کۆکردنەوەی پاشماوەی ووشك و بە شێوەی زانستی لەناو ببرێت.

د- دابینکردنی ڕێژەی سەوزایی بەپێی دەسەڵاتی ژینگەیی دەبێت، لە حاڵەتی نەبوونی شوێنی سەوزکردن پێویستە بەدوو هێندە قەرەبوو بکاتەوە

**٣- پیشەسازییە کیمیاییەکان:**

١-بڕین و پێکەوە نوساندنی پلاستیك.

٢- دروستکردنی بوتڵی پلاستیک بە هەوا تێکردن.

٣- لەقاڵبدانی شوشە/ دووبارە بەکارهێنانی شوشە.

٤- کۆگاکانی کۆکردنەوەو هەڵگرتنی زەیتی خواردنی بەکارهاتوو یان ماوەبەسەرچوو.

٥- چاپخانەکانی گۆڤار و ڕۆژنامەکان و لەزگە .

٦- هاڕینی پلاستیکی بەکارهاتوو .

٧- کارگەی بڕینی کاغەزی چیمەنتۆ و ئامادەکردنی کیس(بەبێ دروستکردن).

٨- لە بوتڵکردنی بۆن و پاقژ کەرەکان.

٩- کارگەی کۆکردنەوە و ووردکردنی کاغەز و پلاستیک .

**سنووردارکردنی شوێنەکان:**

أ- دەکرێت لەناو سنووری شارەوانی درو ستبکرێت لەناو ناوچەی پیشە سازی و لەو بلۆکانەی کە بۆ پیشە سازی خۆراك تەرخان نەکراون .

ب- سەبارەت بە خاڵی (٥) پێنج دەکرێت ڕێگای پێبدرێت لەناوچەی بازرگانی دابمەزرێت.

ج- دەربارەی کۆگاکانی پەینی ئۆرگانی دەکرێت لە دەرەوەی سنووری شارەوانی دروست بکرێت و بە دووری (٥٠٠م) پێنج سەد مەتر لە نیشتەجێبوون.

د- نابێت یەکەی نیشتەجێبوونی کرێکارەکان و خێزانەکانیان لە ناو کارگەدا هەبێت.

**پێداویستییە ژینگەییەکان:**

١- دابینکردنی ڕێژەی سەوزایی بەپێی دەسەڵاتی ژینگەیی دەبێت، لە حاڵەتی نەبوونی شوێنی سەوزکردن پێویستە بەدوو هێندە قەرەبوو بکاتەوە

**٤- پیشەسازییەکانی دار و تەختە:**

١- شوێنکارەکانی دارتاشی میکانیکی.

٢- دروستکردنی ئامێرەکانی میوزیك.

٣- کارگەکانی دروستکردنی دەرگاو پەنجەرەو کەل و پەل و پێداویستی داری نوسینگەکان.

٤- شوێنکارەکانی دروستکردنی پووشی فێنککەرەوەکان.

**سنووردارکردنی شوێنەکان:**

أ- ڕێپێدەدرێت بە دامەزراندنیان لە ناو سنووری شارەوانی یان لەناوچە پیشەسازییەکان.

ب- دەکرێت لە دەرەوەی سنووری شارەوانی دروستبکرێت.

ج- ڕێگا بەبڕگەی (٢)دروستکردنی ئامێرەکانی میوزیك دەدرێت لە شەقامە بازرگانییەکان دابمەزرێت.

د- نابێت یەکەی نیشتەجێبوونی کرێکارەکان و خێزانەکانیان لە ناو کارگەدا هەبێت.

**پێداویستییە ژینگەییەکان:**

أ- دابینکردنی ئامرازی کەمکردنەوەی ژاوەژاوی مەکینەکان و ئامێرەکانی بەکارهێنراو لەم جۆرە کارگانە.

ب- هەوا گۆڕکێی باش دابینبکرێت لەناو هۆڵەکانی کارکردن.

ج- دانانی قەپاغی ئاسنی کون کونی گونجاو لەسەر مەنهۆڵەکانی شوشتنی هۆڵەکانی بۆ ڕێگە گرتن لە پاشماوەکانی ووشك بۆ چوونە ناو تۆڕی ئاوەڕۆ.

د- دانانی حاوییەی داپۆشراو بۆ کۆکردنەوەی پاشماوەکانی ووشك و بە شێوەی زانستی لەناو ببرێت.

هـ- دابینکردنی ئامێر و پێداویستییەکانی سەلامەتی بۆ کارمەندانی کارگەکە.

و- دابینکردنی ڕێژەی سەوزایی بەپێی دەسەڵاتی ژینگەیی دەبێت، لە حاڵەتی نەبوونی شوێنی سەوزکردن پێویستە بەدوو هێندە قەرەبوو بکاتەو

**٥- پیشەسازییە گەرم بەخشەکان و کانزایی و کەرەستەکانی بیناسازی و پلاستیك:**

١- بڕین و بریسکەدارکردنی مەڕمەڕ و گرانێت و حەلان لە ناوچە پیشەسازییەکان.

٢- دوکانەکانی لابردنی بۆیاغی ئۆتۆمبێلەکان بە گەرمکردن یان بە بەکارهێنانی هەوای پەستێنراو و لم.

٣- کارگەکان و شوێنکارەکانی دروستکردنی کاشی ئۆتۆماتیکی.

٤- دروستکردنی کاشی بە دەست.

٥- دروستکردنی دیزە و گۆزە و قاپی لەقوڕ دروستکراو .

**سنووردارکردنی شوێنەکان:**

أ- ڕێپێدەدرێت لەناوچەی پیشەسازی بێت یان لە دەرەوەی سنووری شارەوانی دروست بکرێت و دووریەکەی لە نیشتەجێبوون (٥٠٠م)پێنج سەد مەتر کەمتر نەبێت .

ب- بە لانی کەمەوە (١٥٠م) سەدوپەنجا مەتر دوور بێت لە ڕێگای گشتی.

ج- نابێت یەکەی نیشتەجێبوونی کرێکارەکان و خێزانەکانیان لە ناو کارگەدا هەبێت.

**پێداویستییە ژینگەییەکان:**

أ- دەبێت هەموو قۆناغەکانی بەرهەمهێنان لە شوێنی داخراو بێت لەگەڵ دابینکردنی هەوا گۆڕکێی کارا.

ب- دابینکردنی ئامرازی چارەسەرکردنی تەپ و تۆز.

ج- بەکارهێنانی ئاو لە کاتی بڕین و لەتکردن و لێکدان.

د- دروستكردنی چەند حەوزێكی نیشتنەوە بۆ ئاوی پیسە سازی تاكو دووبارە بەكاربهێنرێت لەناو كارگەكەو لە كاتی ڕشتنی بۆ ناو سەرچاوەكانی ئاو، دەبێت كوالیتیەكەی بگونجێت لەگەڵ ڕێنمایی سیستەمی پاراستنی سەرچاوەكانی ئاو.

هـ- لەناوبردنی زانستی و ژینگەیی بۆ پاشماوە ڕەقەكان و نیشتووەكان كە لە پرۆسەكانی دروستكردن و نیشتنەوە دەردەچێت.

و- دابینكردنی ڕێژەی سەوزایی بەپێی دەسەلاتی ژینگەیی دەبێت، لە حاڵەتی نەبوونی شوێنی سەوزكردن پێویستە بەدوو هێندە قەرەبوو بكاتەوە.

ز- پێویستە خاوەنی پرۆژەكە هەموو پێداویستییەكانی سەلامەتی دابین بكات و گونجاوبێت لەگەڵ جۆری پرۆژەكەی

**٦- پیشەسازییە كانزاییەكان:**

١- دوكانەكانی فرۆشتن و چاككردنەوەی (زێڕ ، زیو ، پلاتین).

٢- دروستكردنی تەلی قەپانی كانزایی.

٣- شوێنكارەكانی ئاسنگەری / تۆڕنەی كانزاكان / دروستكردنی تابلۆكانی كانزایی بە بێ تواندنەوە یان لە قاڵبدان / دروستكردنی كانزاكان بە ڕێگەی بڕینی سارد و كوتان/ لەحیمكردنی كانزاكان بە كارەبا و ئۆكسجین و دروستكردنی تانكی غازی LPG .

٤- شوێنكارەكان و دوكانەكانی چاككردنەوەی مەكینە و بزوێنەرەكان.

٥- پێشانگاكانی ئۆتۆمبێل و ئامێرە كشتوكاڵییەكان و كۆگاكانی پارچەی یەدەگ.

٦- دروستكردنی مۆبیلیاتی كانزایی بە بێ پرۆسەی تواندنەوەی كانزاكان.

٧- دروستكردنی فێنكەرەوە و پارچەكانی كۆندێشنی هەوا بە بێ پرۆسەی تواندنەوەی كانزاكان.

٨- دروستكردنی سندوقی ئاسنین بۆ سركێتە كارەباییەكان بە بڕین و لێكدان بەبێ پرۆسەی تواندنەوە.

٩- كارگەكانی دروستكردنی گیزەر و بۆیلەر.

١٠- بڕین و نەخشكردنی ئاسن بە لیزەر.

١١-شوێنەكانی دانانی سیستەمی غازی LPG بۆ ئۆتۆمبێل.

١٢- كۆكردنەوە و كەپس كردنی كانزای بەكارهاتوو .

١٣- كۆگای هەڵگرتنی كەل و پەلی كارەبایی .

**سنووردار كردنی شوێنەكان:**

١- دەكرێت لەناو ناوچەكانی پیشەسازی دروستبكرێت لە بلۆكی تەرخانكراو جگە لە بڕگەی (١و٥) دەكرێت لەناو سنووری شارەوانی دابمەزرێنرێت لە ناوچەی بازرگانی.

٢- نابێت یەكەی نیشتەجێبوونی كرێكارەكان و خێزانەكانیان لە ناو كارگەدا هەبێت.

**پێداویستییە ژینگەییەكان:**

أ- دانانی چەند حاوییەك بۆ كۆكردنەوەی پاشماوەكانی وشكی ئاسایی و بگوازرێتەوە بۆ شوێنی تەرخانكراو لەلایەن شارەوانییەوە.

ب- پرۆسەکانی بەرهەمهێنانی لە شوێنی داخراو بێت لەگەڵ هەوا گۆڕکێیەکی باش.

ج-دابینکردنی پێداویستیەکانی سەلامەتی و دڵنیایی.

د- دابینکردنی ڕێژەی سەوزایی بەپێی دەسەڵاتی ژینگەیی دەبێت، لە حاڵەتی نەبوونی شوێنی سەوزکردن پێویستە بەدوو هێندە قەرەبوو بکاتەوە

**٧- پڕۆژەکانی پیشەگەری وخزمەتگوزاری:**

١- کاری جام و شووشە، شوێنکارەکانی بڕین و بریسکەو لوسکردنی شووشە بە کۆمپیوتەر، دووکانەکانی بریسکە و لوسکردنی کریستاڵ و زیوین کردنی ئاوێنەکان.

٢- دروستکردن و کۆکردنەوەی چەترەکان و چادرەکان.

٣- دروستکردنی دۆشەکی ئیسفەنج و بالیف(سەرین) و بڕینی ئیسفەنج.

٤- تاقیگەکانی فیلم و ترشاندن و چاپکردنیان.

٥- دوکانەکانی فرۆشتنی تۆی دانەوێلەکان و قڕکەری مێروولەکان و پەین و بە پیت کەرەکانی کشتوکاڵی (ناوماڵی و کشتوکاڵی) بە بێ تێکەڵکردن یان پڕکردن لە قوتووبەندەکان.

٦- دوکانەکانی فرۆشتنی ماسی زیندوو.

٧- دوکانەکانی فرۆشتن و چاککردن و پڕکردنەوەی پاتریەکان.

٨- دوکانەکانی فرۆشتنی تایە.

٩- شوێنکارەکانی چاککردنەوەی ئۆتۆمبێلەکان بە هەموو جۆرەکانی و مولیدەکانی کارەبایی و پەمپەکان.

١٠- شوێن کارەکانی کۆلین و زنکۆکراف.

١١- شوشتن و ئوتوکردن و پاککردنەوە و وشککردنەوەی جل و بەرگ.

١٢- دوکانەکانی بۆیەکردنی دەستی موبیلیاتەکان.

١٣- کارگەکانی کلێنیکس و داییبیەکان.

١٤- کارگەکانی بەرهەمهێنانی هەویری جام تێگرتن.

١٥- دوکانەکانی فرۆشتنی بۆیاغی ڕۆنی (زەیتی) و وارنیش و مەرەکەبەکانی چاپکردن.

١٦- دوکانەکانی فرۆشتنی خەڵوز و کەرەستەکانی سووتەمەنی ووشك.

١٧- دوکانەکانی سپیکردنی کانزاکان بە بێ کاری بۆیاغکردنی کانزایی.

١٨- گەراجەکانی گشتی کە کاری چاککردنەوەی تێدا ناکرێت.

١٩- شوێنکارەکانی کشتوکاڵی، کۆگای فرۆشتن و دابینکردنی پێداویستی کشتوکاڵی.

٢٠- کارگەکانی بەرهەمهێنانی غازی ئۆکسجین.

٢١- کارگەکانی بەرهەمهێنانی غازی دووەم ئۆکسیدی کاربۆن.

٢٢- کارگەکانی بەرهەمهێنانی غازی هایدرۆجین .

٢٣- کارگەکانی بەرهەمهێنانی غازی نایترۆجین.

٢٤- دوکانەکانی فرۆشتنی چیمەنتۆ و گەچ و بۆرەك و چەو لم و کەرەستەکانی تری بیناسازی.

٢٥- کارگەکانی بەرگ دووری و چنین.

٢٦- دوکانەکانی فرۆشتن و چاککردنەوەی کەلوپەلی ناوماڵ.
٢٧- شـــوێنکـارەکـانی دروســـتکردنی پەنجەرە و دەرگا و محەجەرەکـانی ئەلەمنیۆم و پی ڤی ســـی pvc .
٢٨- ستۆدیۆکانی وێنەگرتن و چاپکردنی دیمەنەکان و وێنەکان بە ئامێر.
٢٩- پڕکردنەوەی بوتڵەکانی غاز.
٣٠- کۆگاکانی بوتڵی غاز .
٣١- وێستگەکانی بەرزکردنەوە و پەمپ کردنی ئاوی باران و ئاوەڕۆ.
٣٢- شوێنەکانی چاککردنەوەی چەك و ئامێرەکانی سەربازی.
٣٣- دوکانەکانی فرۆشتنی جوانکارییەکانی ئۆتۆمبێل.
٣٤- قەپانی کێشی بارهەڵگرەکان.
٣٥- شوێنەکانی دروستکردنی خەڵوز لە پاشماوەکانی دار.
٣٦- دانانی مۆلیدەی کارەبایی لە گەڕەکەکان و بیناکان و باڵەخانەکان.
٣٧- لەبوتڵکردنی ئاوی دڵۆپێنراو بۆ پاتری ئۆتۆمبێل و ئاوی رادێتەر و فڵچەی جامی ئۆتۆمبێلەکان.
٣٨- کارگەی بڕین و ئامادەکردنی کارتۆن.
٣٩- بڕین و لێکدانی (تەرکیبکردنی) ئەلۆمنیۆم.
٤٠- نوسینگەی فێرکردنی شۆفێری .
٤١- کارگەکانی بەرهەم هێنانی جل و بەرگ .

**سنووردارکردنی شوێنەکان:**

أ-ڕێپێدەدرێت لەناو ســـنووری شـــارەوانی یان لەناو ناوچەکانی پیشـــەســـازی( لە بلۆکی تەرخان نەکراو بۆ پیشەسازی خۆراك یان کۆگاکردن ).

ب- دەکرێت لە دەرەوەی سنووری شارەوانی دروستبکرێت و لەو زەوییانە کە بۆ کشتوکاڵ نەشیاون.

ج- سەبارەت بە بڕگەکانی (٢١ ، ٢٢، ٢٣، ٢٤) دەکرێت لەناوەوە و لە دەرەوەی سنووری شارەوانی درو ستبکرێت لە هەموو شوێنەکان جگە لە پرۆژەکانی کشتوکاڵی و نیشتەجێبوون.

د- ســـەبارەت بە بڕگەی (٢٩) پڕکردنەوەی بوتڵەکانی غاز ڕێپێدەدرێت لە ناوچەی پیشـــەســـازی بێت یان لە دەرەوەی ناوچەی پیشـەسـازی لانی کەم (١کم) یەک کیلۆ مەتر دوور بێت لە شـوێنی نیشـتەجێبوون جگە لە زەوی کشتوکاڵی.

هـ. نابێت یەکەی نیشتەجێبوونی کرێکارەکان و خێزانەکانیان لە ناو کارگەدا هەبێت.

**پێداویستییە ژینگەییەکان:**

أ- دابینکردنی پێداویستیەکانی سەلامەتی و ئاسایش لەناو پرۆژەکە.

ب- چارەســـەرکردنی دەرهاویشـــتە گازییەکان و تەنۆچکە هەڵواســـراوەکان بە شـــێوەیەك بگونجێت لەگەڵ ڕێنماییەکانی ژینگەیی سەبارەت بە تایبەتمەندی هەوا.

ج- خۆ ڕزگارکردن لە پاشماوەی ووشکی ئاسایی بە هەماهەنگی لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان.

د- دابینکردنی ڕێژەی سەوزایی بەپێی دەسەلاتی ژینگەیی دەبێت، لە حاڵەتی نەبوونی شوێنی سەوزکردن پێویستە بەدوو هێندە قەرەبوو بکاتەوە.

هـ. دەربارەی وێستگەکانی سووتەمەنی دەبێت تانکیەکانی لە ژێر زەوی دابنرێت.

ز. سەبارەت بەبڕگەی (٣٦) دانانی مۆلیدەی کارەبایی لە گەڕەکەکان، پێویستە ڕەچاوی ئەم خاڵانە بکرێت:

١- شوێنی مۆلیدەکە تەرخان کراوبێت بۆ خزمەتگوزاری نابێت لە شوێنی تەرخانکراو بۆ ڕووبەری سەوزایی دابندرێت.

٢- مۆلیدەکە کاتم بێت (بێدەنگ بێت).

٣- مۆلیدەکە پێویستە دوکەڵ نەکات.

٤- لەدەورووبەری مۆلیدەکە سەوزایی و دار بچێندرێت.

٥- نابێت ڕۆن و گازوایل لەسەر زەوی بڵاوبێتەوە.

٦- زەوی ژێر مۆلیدە و تانکی گازوایل کۆنکرێت بکرێت.

٧- نابێت ئاوەڕۆ بڕژێتە سەر زەوی و دروستکردنی ئاوەڕۆ بۆ سەر ئاوەڕۆی گشتی.

٨- دیواری شوێنی مۆلیدەکە بە بلوك بکرێت و بە چیمەنتۆ لەبغ بکرێت.

٩- چارەسەرکردنی پاشماوەکان لە ڕۆنی پیس و گازوایل بەمەبەستی پیسنەکردنی خاکەکە.

١٠- هەڵواسینی تابلۆ لەسەر دیواری مۆلیدەکە و ناوی گەڕەك و ناوی مۆلیدەکە و ژمارەی مۆڵەت و ژمارەی مۆبایلی ئیشپێکەر بنوسرێت

**دووەم: پڕۆژە کشتوکاڵییەکان:-**

١- دوکانەکانی فرۆشتنی مریشك و باڵندەکان.

٢- گۆڕەپانەکانی فرۆشتنی مەڕ و ماڵات.

٣- گۆڕەپانەکانی فرۆشتنی بەرووبومی کشتوکاڵی.

٤- چاککردنەوەی زەویە کشتوکاڵییەکان.

٥- حەوزەکانی ماسی.

٦- کێڵگەکانی بەرهەمهێنان و لە قووتوونانی قارچک.

٧- نەمامگەکان.

٨- کێلگەکان.

٩- حەوزەکانی شوشتنی ئاژەڵ.

**سنووردارکردنی شوێنەکان:**

أ- دەکرێت لە دەرەوەی سنووری شارەوانی دروستبکرێت بە دووری (١کم) یەك کیلۆمەتر لە نیشتەجێبوون کەمتر نەبێت بە ڕەچاوکردنی ئاڕاستەی بای باو، دووری لە (٥٠٠م) پێنج سەد مەتر کەمتر نەبێت لە گوندەکان، ڕێپێدەدرێت کە لەسەر زەوی کشتوکاڵی دابمەزرێنرێت.

ب- سەبارەت بە پڕۆژەکانی چاککردنەوەی زەوی کشتوکاڵیەکان، سنووردارییە شوێنییەکان لە دەستەڵاتی ژینگەیی دایە بۆ پاراستنی ڕەگەزەکانی ژینگە.

ج- سەبارەت بە بڕگەکانی (١ و٣ و٧) دەکرێت لەناو سنووری شارەوانی دروست بکرێت.

د- نابێت یەکەی نیشتەجێبوونی کرێکارەکان و خێزانەکانیان لە ناو کارگەدا هەبێت.

**پێداویستییە ژینگەییەکان:**

أ- دەبێت پەرژین هەبێت بە کەرەستەی بیناسازی دروستبکرێت و بەرزیەکەی لە (٢م) دوو مەتر کەمتر نەبێت.

ب- کۆنکرێتکردنی زەوی پرۆژەکە و دانانی تۆڕی ئاوەڕۆ و چەند حەوزێك لە ژێر زەوی بۆ کۆکردنەوەی ئاوی شوشتن و باران و بە بەردەوامی بەتاڵبکرێن یان دووبارە بەکاربهێنرێت لە دوای چارەسەرکردنی.

ج- چارەسەرکردنی پاشماوەی ڕەق بە شێوەی زانستی یان گۆڕینی بۆ پەین بە پێی ڕێنماییەکانی ژینگە.

د- دانانی سووتێنەرێکی نیزامی بە تەکنەلۆجیای پێشکەتوو بۆ سووتاندنی ئاژەڵە مرداربووەکان و بە بەکارهێنانی سووتەمەنی پاك.

هـ- دروستکردنی سەقف بۆ شوێنی حەوانەوە و ڕاگرتنی مەڕ و ماڵات.

و- چاندنی یەکڕیزدار لە گۆڕەپانەکانی فرۆشتنی مەڕ و ماڵات و قیرتاو کردنی گۆڕەپانەکە و پارێزگاری کردن لە پاك و خاوێنی.

**ز- سەبارەت بە بڕگەی (٦) حەوزەکانی ماسی، ڕێنمایی تایبەتی هەیە:**

**یەکەم: مەرجەکانی حەوزی ماسی:-**

١- پشکنینی ئاو و خاك بۆ حەوزەکانی خۆڵ، بۆ پرۆژەکانی تر (کۆنکرێتی، قەفەس، داخراوەکان) تەنها پشکنینی ئاو بکرێت بۆ دڵنیابوون لە جۆری ئاوەکە لە کاتی دروستکردنی پرۆژەی ماسی.

٢- بۆ دروستکردنی حەوزی (قەفەس) دەبێت مۆڵەتی بەڕێوەبەرایەتی سەرچاوەکانی ئاو وەربگیرێت ئەگەر لە ناو ڕووبارەکان بوو، ئەگەر لە ناو بەنداو و دەریاچەکان دروست بکرێت ڕەزامەندی بەڕێوبەرایەتی بەنداوەکان وەربگیرێت.

**دووەم: مەرجەکانی پرۆژەکانی بەخێوکردنی ماسی لەناو حەوزی خۆڵ:-**

١- نابێت سەرچاوەی ئاوەکە بیر بێت.

٢- ڕووبەری زەوی تەرخانکراو بۆ پرۆژەکە نابێت لە (٣) سێ دۆنم و ڕووبەری ئاوی پرۆژەکە لە دوو (٢)دوو دۆنم کەمتر بێت.

٣- دووری پرۆژەکە لە سنووری شارەوانی پارێزگاکان لە (٢کم) دوو کیلۆمەتر کەمتر نەبێت، لە سنووری قەزا و ناحیەکان (شارەدێ) لە (١کم) یەك کیلۆمەتر کەمتر نەبێت.

٤- دەبێت پرۆژەکە (٢٠٠م) دووسەد مەتر لە شەقامی گشتی و (١٥٠م) سەدو پەنجا مەتر لە شەقامی لاوەکی و (٢٠٠م) دوو سەد مەتر لە گوندەکان دوور بێت.

٥- دووری لە پرۆژەکانی هاوشێوەی لە (١٥٠م) سەدو پەنجا مەتر کەمتر نەبێت.

٦- دووری لە پرۆژەکانی بەخێوکردنی سامانی ئاژەڵ (١٥٠م) سەدو پەنجا مەتر کەمتر نەبێت.

٧- دووری لە هێڵەکانی پەستانی بەرزی کارەبا (١٠٠م) سەد مەتر کەمتر نەبێت.

**سێیەم: مەرجەکانی بەخێوکردنی ماسی لەناو قەفەسەکان:-**

١- ئەم پڕۆژانە لەناو بەنداوەکان و ڕێڕەوەکانی ئاو دروست دەکرێت.

٢- ڕووبەری ئاوی پڕۆژەکە دەبێت لە (١٥٠ م٢) سەد و پەنجا مەتر دوو جا کەمتر نەبێت.

٣- قووڵی ئاوەکە لەناو پڕۆژەکە لە (٣م) سێ مەتر کەمتر نەبێت.

٤- نابێت پڕۆژەکە بەربەست بۆ پاککردنەوەی ڕێڕەوەکانی ئاو یان لەسەر جوڵەی بەلەمەکان لەناو دەریاچە و بەنداوەکان دروست بکات.

٥- نابێت لەناو کەناڵی ئاودێری دروستبکرێت.

٦- دووری لە پڕۆژەکانی هاوشێوەی لە (٢٠٠م) دوو سەد مەتر کەمتر نەبێت.

٧- دەبێت (٥٠٠م) پێنج سەد مەتر لەسەرەوە و (١کم) یەك کیلومەتر لە خوارەوە لە پڕۆژەکانی بەرهەمهێنانی وزەی کارەبا دوور بێت.

٨- دووری لە وێستگەکانی پاککردنەوەی ئاوی خواردنەوە (١کم) یەك کیلۆمەتر لە سەرەوە و لە خوارەوە دووربێت.

٩- ژووری بەڕێوەبردن و سەرپەرشتی و کۆگا بەرزتر بێت لە ئاستی دەریاچەکان و ڕووبارەکان.

١٠- دانانی هێماکانی ڕووناککردنەوە بۆ دیاریکردنی سنووری پڕۆژەکە لەکاتی شەو.

**چوارەم: مەرجەکانی بەخێوکردنی ماسی لەناو حەوزی کۆنکرێتی:-**

١- ئەم جۆرە پڕۆژانە بۆ بەخێوکردنی چڕ دروست دەکرێت و، دەبێت بە بەردەوامی ئاوەکەی بگۆڕدرێت.

٢- دەبێت لە بلۆك و چیمەنتۆ دروست بکرێت.

٣- دەبێت ڕووبەری زەوی تەرخانکراو بۆ پڕۆژەکە لە (١) یەك دۆنم کەمتر نەبێت، ڕووبەری ئاوەکە لە (٣٠٠م٢ ) سێ سەد مەتر دووجا کەمتر نەبێت.

٤- نابێت سەرچاوەی ئاوەکە بیر بێت.

٥- دەبێت (٢٠٠م) دوو سەد مەتر لە پڕۆژەکانی هاوشێوەی دوور بێت.

٦- دەبێت (٢٠٠م) دوو سەد مەتر لە پڕۆژەکانی سامانی ئاژەڵ دوور بێت.

٧- دەبێت لە سنووری شارەوانی سەنتەری پارێزگاکان (٢کم) دوو کیلۆمەتر و لە سنووری قەزا و ناحیەکان (١کم) یەك کیلۆمەتر دوور بێت.

٨- دەبێت پڕۆژەکە (١٥٠م) سەد و پەنجا مەتر لە شەقامی گشتی و (١٠٠م) سەد مەتر لە شەقامی لاوەکی و (٢٠٠م) دوو سەد مەتر لە گوندەکان دوور بێت.

**پێنجەم: مەرجەکانی بەخێوکردنی ماسی لەناو حەوزی داخراو وپڕۆژەکانی بەرهەمهێنانی ماسی جوانکاری:-**

١- ڕووبەری پڕۆژەکە لە (١) یەك دۆنم کەمتر نەبێت.

٢- دەکرێت ئاوی بیر بە کاربهێنرێت چونکە ڕێژەی ئاوی کەم بە کاردەهێنرێت، دوو بارە بە کارهێنانی ئاوی حەوزەکە لە دوای چارەسەرکردنی بە ئامێری تایبەت بۆ ئەم مەبەستە.

٣- دەبێت (٢٠٠م) دوو سەد مەتر لە پڕۆژەکانی هاوشێوەی دوور بێت.

٤- دەبێت (٢٠٠م) دوو سەد مەتر لە پڕۆژەکانی سامانی ئاژەڵ دوور بێت.

٥- دەبێت لە سنووری شارەوانی پارێزگاکان (١کم) یەك کیلۆمەتر و لە سنووری قەزا و ناحیەکان (٥٠٠م) پێنج سەد مەتر دوور بێت.
٦- دەبێت پڕۆژەکە (١٥٠م) سەد و پەنجا مەتر لە شەقامی گشتی و (١٠٠م) سەد مەتر لە شەقامی لاوەکی و (٢٠٠م) دوو سەد مەتر لە گوندەکان دوور بێت.

**سێیەم: پڕۆژە تەندروستییەکان:**

١- بنکە و نۆرینگەکانی جوانکاری بە ڕێگای بەکارهێنانی لێزەر.
٢- سەنتەرەکانی جوانکاری.
٣- سەنتەرەکانی جوانکاری ددان.
٤- سەنتەرەکانی چارەسەری سرووشتی.
٥- نۆرینگەکانی ئەهلی و دەرمانخانەکان.

**سنووردارکردنی شوێنەکان:**

١- دەکرێت لەناو سنووری شارەوانی دروست بکرێت لە شەقامی گشتی و بازرگانی.
٢- نابێت لەناو گەڕەکی نیشتەجێبوون بێت.

**پێداویستییە ژینگەییەکان:**

أ- دابینکردنی ڕێژەی سەوزایی بەپێی دەسەڵاتی ژینگەیی دەبێت، لە حاڵەتی نەبوونی شوێنی سەوزکردن پێویستە بەدوو هێندە قەرەبوو بکاتەوە.
ب- دانانی یەکەی چارەسەرکردنی ئاوەڕۆ بەپێی پێویستی پڕۆژەکان .
ج- لەناوبردنی پاشماوەی ڕەق و ئاسایی کە مەترسیدار نەبێت لە شوێنی تەرخانکراوی شارەوانی فڕێ بدرێت.
د- لەناوبردنی هەموو ئەو پاشماوانە کە لە بڕگەی (ج) ی سەرەوە ئاماژەیان پێ نەکراوە وەکو پاشماوەی لە دەرئەنجامی چارەسەرکردن و تاقیگە و ماددە پیسبووەکان وەکو شاش و لۆکە بە کۆکردنەوە یان بە حاوییەی تایبەت دواتر بە ئۆتۆکلیڤ یان بە مایکرۆوەیڤ چارەسەر بکرێن، یان بسوتێنرێن لە سووتێنەرێکی ڕێك و پێك.
هـ- دەبێت شوێنی پڕۆژەکە بگونجێت لەگەڵ سنوردارییەکانی ژاوەژاوی تایبەت بە نەخۆشخانەکان.

**چوارەم: پڕۆژەکانی ووزە و دامەزراوەی بنەڕەتی:**

١- یاریگاکانی وەرزش و سەنتەرەکانی کێش دابەزاندن و لەشجوانی و مەلەوانگە.
٢- گۆڕانکاری یان فراوانکردنی ڕێگایەکی جێبەجێ کراو کە درێژکردنەوە یان فراوانکردنی بە ڕێژەی (١٥٪) زیاتر بێت.
٣- بیناو باڵەخانەکان کە ڕووبەری زەوییەکانیان کەمترە لە (١٠٠٠م٢) هەزار مەتر دووجا کەمترە یان ژمارەی نهۆمەکانیان لە(٨) هەشت نهۆم کەمترە بەژێر زەمینەوە.
٤- دروستکردن و فراوانکردنی گوند.
٥- فراوانکردن یان گۆڕانکاری پێشنیازکراو لە کەناڵەکانی ئاودێری جێبەجێکراو بە شێوەیەك فراوانکردنەکە و گۆڕانکارییەکە ببێتە هۆی زیادکردنی دامەزراوەکان.

٦- پرۆژەکانی چارەسەرکردنی ئاوی خواردنەوە.
٧- دروستکردنی تۆڕی ئاوەڕۆ.
٨- دامەزراندنی سەربازگەی ڕاهێنانی سەرباز و پۆلیس.
٩- لێدانی بیری ئاو.
١٠- سوپەرمارکێتەکان .
١١- دروستکردنی مزگەوت و شوێنە ئاینیەکان .
١٢- دانانی سیستەمی سۆلار .
١٣- گەراجەکانی ڕۆن گۆڕین و خزمەتگوزاری ئۆتۆمبێلەکان.
١٤- بەنزینخانەی گەڕۆک .
١٥- گەراجەکانی شووشتنی ئۆتۆمبێل .
١٦- شوشتنگەی گەڕۆک .
١٧- پاوەر هانکلایدەر( شوێنی هەڵفڕین ) .

**سنووردارکردنی شوێنەکان:**

أ- ڕێپێدەدرێت لەناوەوە و لە دەرەوەی سنووری شارەوانی دروستبکرێت و دەبێت بە لای کەمەوە (٢٠م) بیست مەتر دوور بێت لە نزیکترین یەکەی نیشتەجێبوون بەپێی جۆری پرۆژەکە (جگە لە بڕگەکانی ١و٣و٤و٧).
ب- سەبارەت بەبڕگەی (٨) ڕێگەی پێدەدرێت بە دامەزراندنی لەدەرەوەی سنووری شارەوانی بەدووریەک کەمتر نەبێت لە (٥٠٠م) پێنج سەد مەتر.
ج- نابێت یەکەی نیشتەجێبوونی کرێکارەکان و خێزانەکانیان لە ناو کارگەدا هەبێت.

**د- سەبارەت بە بڕگەی (٤) دروستکردنی گوند و لادێ یان فراوانکردنیان لەسنووری حەرەمی گوندەکە دەبێت، یان شوێنێکی تر کە یەکە ئیداریەکان دەستنیشانی دەکەن و پێویستە ئەم خاڵانە جێبەجێبکات:**

١- تەرخانکردنی شوێنی خزمەتگوزاری گشتی.
٢- تەرخانکردنی شوێنێک بۆ کۆکردنەوەی زبڵ و خاشاک (پاشماوە) یان گواستنەوەی بۆ ئەو شوێنەی شارەوانی بۆی تەرخان دەکات.
٣- ئەو ئاراستانەی پرۆژە و چالاکی ستراتیژی یان مۆڵەتدراوی ژینگەیی لێیە، یان لە داهاتوودا پرۆژەی لەم جۆرەی لێ دادەمەزرێت دووری گونجاوی نێوان پرۆژەکان و سنوری نوێ بپارێزرێت و ئەو دووریە نەبەزێندرێت.
٤- رووبەری فراوانکراو تەنها بۆ مەبەستی نیشتەجێبوون و خزمەتگوزاری بێت.

**پێداویستییە ژینگەییەکان:**

أ- دانانی یەکەی چارەسەرکردن بۆ ئەو پرۆژانەی کە پێویستە بۆیان دابنرێت بۆ خۆرزگارکردن لە کاریگەریی پاشەڕۆی شل و، دەبێت بگونجێت لەگەڵ ڕێپێدراوەکانی سیستەمی پاراستنی سەرچاوەکانی ئاو.
ب- چارەسەرکردنی دەرهاوێشتە گازییەکان و تەنۆچکە هەڵواسراوەکان، کە بگونجێت لەگەڵ ڕێنماییەکانی هەوا کەلەلایەن دەسەڵاتی ژینگەیی کاری پێدەکرێت.

ج- خۆپزگارکردن لە پاشماوەی ڕەق بە شێوەی زانستی و ژینگەیی بێت. د-
دابینکردنی ڕێژەی سەوزایی بەپێی دەسەلاتی ژینگەیی دەبێت، لە حاڵەتی نەبوونی شوێنی سەوزکردن پێویستە بەدوو هێندە قەرەبوو بکاتەوە.
هـ- دانانی سیستەمی ئاگر کوژێنەوە و ئاگادارکردنەوەی پێشوەختە بۆ ئەو شوێنانەی پێوستە بۆیان دابنرێت.

**و- سەبارەت بە بڕگەی( ٤ )ئەم خاڵانە ڕەچاو دەکرێن:**

١- دابینکردنی ڕووبەری سەوزایی گونجاو.

٢- دامەزراندنی تۆڕی ئاوی ئاوەڕۆی قورسی ماڵان.

٣- دابینکردنی یەکەی چارەسەری ئاوەڕۆ بۆ گوندەکە.

٤- دووریەکەی گونجاو بێت لە سەرچاوەکانی ئاو.

٥- تەرخانکردنی شوێنی خزمەتگوزاری گشتی.

٦- تەرخانکردنی شوێنێك بۆ کۆکردنەوەی زبڵ وخاشاك، دواتر گواستنەوەی بۆ ئەو شوێنەی شارەوانی بۆی تەرخان دەکات.

٧- قیرتاوکردن یان کۆنکریتکردنی کۆڵانەکانی ناو گوندەکە.

ز. **سەبارەت بە بڕگەی (١٤) بەنزینخانەی گەڕۆک:**

١- دابینکردنی گۆڕەپانێک بۆ وەستاندنی ئۆتۆمبێلەکانی گواستنەوەی بەنزین.

٢- ئەو گۆڕەپانە تەرخانکراوە دەبێت بە پێی ڕێنمایی و پێوەرە ژینگەییەکان بێت.

٣- ئەگەر نەتوانرا گۆڕەپانی پێویست دابین بکرێت، دەتوانێت لەگەڵ یەکێک لە بەنزینخانەکان گرێ بەست بکات و بوەستێت و سووتەمەنی لێ وەربگرێت.

٤- نابێت ئەو ئۆتۆمبێلانە بسوڕێنەوە لە شەقامەکان بەڵکو تەنها لەکاتی داواکاریدا دەتوانن سووتەمەنی بگەیەنن بۆ شوێنی داواکراو و، دواتر گەڕانەوەیان بۆ شوێنی وەستانیان.

**ح- سەبارەت بە بڕگەی (١٥) گەراجەکانی شوشتنی ئۆتۆمبێلەکان،** سنووردارییەتی تایبەتی هەیە وەکو:

١- دەکرێت لەناوەوەو لە دەرەوەی سنووری شارەوانی دروست بکرێن لە هەموو شوێنەکان جگە لە شوێنەکانی کشتوکاڵی و نیشتەجێبوون.

٢- دەکرێت لەناو ناوچەی پیشەسازی و بازرگانی دروست بکرێت.

٣- نابێت لەناو نیشتەجێبوون دروست بکرێت.

٤- دانانی یەکەی چارەسەرکردنی ئاوی بەکارهاتوو.

٥- نابێت ئاوی تۆڕی گشتی بەکاربهێنرێت.

**خ - سەبارەت بە بڕگەی (١٦)شوشتنگەی گەڕۆک بۆ ئۆتۆمبێل:**

لەبەر ئەوەی پرۆژەکە گەڕۆکە سنووردارکردنی شوێن نایانگرێتەوە، پێویستە ئەم خاڵانە جێبەجێ بکەن:

١- هیچ پاشماوەیەکی ڕەق بەجێ نەمێنێت.

٢-شوێنی ئەنجامدانی کارەکە خاوێن بکرێتەوە

**پێنجەم: پرۆژە گەشتیارییەکان:-**

١- چێشتخانەکان و کافتریاکان کە ناکەوێتە سەر لێواری ڕووبارەکان و سەرچاوەکانی ئاو.

٢- هۆتێلەکانی (٣) سێ ئەستێرە و کەمتر و مۆتێلەکان.

٣- دروستکردنی شاری یاری مام ناوەند .

٤- دروستکردنی کەپری گەشتیاری.

٥- گەراجی ماتۆڕی گەشتیاری.

**سنووردارکردنی شوێنەکان:**

دەکرێت لەناوەوە و لە دەرەوەی سنووری شارەوانی دروستبکرێت.

**پێداویستییە ژینگەییەکان:**

أ- دانانی یەکەی چارەسەرکردن بۆ ئەو پرۆژانەی کە پێویستە بۆیان دابنرێت بۆ خۆرزگارکردن لەکاریگەریی پاشەڕۆی شل و، دەبێت بگونجێت لەگەڵ ڕێپێدراوەکانی سیستەمی پاراستنی سەرچاوەکانی ئاو.

ب- چارەسەرکردنی دەرهاوێشتە گازییەکان و تەنۆچکە هەڵواسراوەکان و بگونجێت لەگەڵ ڕێنماییەکانی هەوا کەلەلایەن دەسەڵاتی ژینگەیی کاری پێدەکرێت.

ج- خۆ ڕزگارکردن لە پاشماوەی ڕەقی ئاسایی بەشێوەی زانستی و ژینگەیی بێت بە هەماهەنگی لەگەڵ لایەنەکانی پەیوەندیدار.

د- دابینکردنی ڕێژەی سەوزایی بەپێی دەسەلاتی ژینگەیی دەبێت، لە حاڵەتی نەبوونی شوێنی سەوزکردن پێویستە بەدوو هێندە قەرەبوو بکاتەوە.

هـ- سەبارەت بەو پرۆژانە کە ڕۆنی پیشەسازی بەکاردەهێنن، دەبێت ڕێگاچارەی پیادە کراو هەڵسوکەوتی لەگەڵ بکرێت و خۆ رزگارکردن لە تێکچووەکان بە شێوەی زانستی و ژینگەیی بێت.

و- دانانی سیستەمی ئاگر کوژێنەوە و ئاگادارکردنەوەی پێشوەختە لەناو چالاکییەکان بۆ ئەو شوێنانەی کە پێوستە بۆیان دابنرێت.

ز- دابینکردنی پێداویستییەکانی بەرگری شارستانی پێویست بۆ پاراستنی شوێنی پرۆژەکە و دەوروبەری لە ڕووداوەکانی لەناکاو بە پێی ڕێنماییەکانی بەرگری شارستانی.

**شەشەم: پرۆژەکانی گەیاندن:-**

١- وێستگەکانی بنەڕەتی تاوەرەکانی مۆبایل (وێستگەی گەورە، وێستگەی بچوك، وێستگەی زۆر بچووك) دەگرێتەوە.

٢- وێستگە کانی پەخشکردنی ڕادیۆ و تەلەفزیۆنی کە وێستگەی پەخش ( تاوەری پەخش، ئەنتێنە کان، وێستگەی پەخش و پاشکۆکان ) دەگرێتەوە.

**سنووردارکردنی شوێنەکان و پێداویستییە ژینگەییەکان:**

پێویستە کار بە ڕێنماییەکانی خۆپاراستن لە تیشکی نائایۆنی کە لە سیستەمەکانی پەخش و پەیوەندیە بێ تەلەکان دەردەچێت بکرێت کە لە دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە دەرچوون.

## بەشی سێیەم
## حوکمە کۆتاییەکان

**ماددەی (٦):**
سەبارەت بەڕاپۆرتی هەڵسەنگاندنی کاریگەری ژینگەیی EIA، پێویستە لەسەرەتادا کەشف بۆ شوێنی پرۆژەکە بکرێت و، دوای دڵنیابوونەوە لەدوورییەکان و جۆری ئامێرەکان، ئینجا هەنگاوەکانی تری ئامادەکردنی راپۆرتی EIA بگیرێتەبەر تاکۆتایی پرۆسەکە، لە حاڵەتی دەرنەچوونی پرۆژەکە لەم قۆناغەدا، تەنها پارەی تێچووی راپۆرت دەگێڕدرێتەوەو ئەوەی دەمێنێتەوە بۆ خاوەن پرۆژە دەگەڕێتەوە.

**ماددەی (٧):**
دەسەڵاتی ژینگەیی بۆی هەیە لە کاتی پێدانی ڕەزامەندی بە پرۆژەکان، ئەو مەرجانە بسەپێنێت کە ئامانجیان خۆ گونجاندنە لەگەڵ کاریگەرییەکانی گۆڕانی ئاوو هەواو کەمکردنەوەی دەرهاوێشتەکان .

**ماددەی (٨):**
دامەزراندنی هەر جۆرە پرۆژەیەک لە ناو زەوی دارستان و ڕێڕەوە ئاویەکان و چەم و ڕووبارەکان قەدەغەیە .

**ماددەی (٩):**
١- ئەو پرۆژانەی پۆلین و سنووردارکردنی شوێنەکان و پێداویستییە ژینگەییەکانیان لەم ڕێنماییەدا باس نەکراوە، ئەوا پۆلین و سنووردارکردنی شوێنەکان و پێداویستییە ژینگەییەکانی چالاکی هاوشێوەی لەسەر جێبەجێ دەکرێت لەلایەن دەسەڵاتی ژینگەیی لە پارێزگاو ئیدارە سەربەخۆکان.
٢- لەکاتی نەبوونی چالاکی هاوشێوە ئەوا دەستەی ژینگە پۆلێنی دەکات دوای ئەوەی هەموو بەڵگە پێویستیەکانی پێ دەدرێت، کە ووردەکاری بەرهەمهێنان یان کارو ئاستی دەرهاوێشتە جیاوازەکانی پرۆژەکە (برو جۆرەکەی) ڕوون دەکاتەوە لەلایە فەرمانگەی ژینگەی پارێزگاکان و ئیدارە سەربەخۆکان.

**ماددەی (١٠):**
ئەو پرۆژانەی لە پرۆسەی بەرهەمهێنان ئاو بەکارناهێنن و ژمارەی کارمەندەکانیان (١٥) پازدە کەس یان کەمترن دەکرێت یەکەی چارەسەری ئاوەڕۆ دانەنێن .

**ماددەی (١١):**
ئەو چالاکیانەی تەکنەلۆژیای سەوز یاخود دۆستی ژینگە لە پرۆسەی بەرهەمهێنان بەکاردەهێنن، ئەویش بەپشت بەستن بە ڕاپۆرتی هەڵسەنگاندنی کاریگەری ژینگەیی بە مەرجێك کەمترین کاریگەری نەرێنی لەسەر ژینگە دروست بکەن، لە حوکمەکانی ئەم ڕێنماییە بەدەردەکرێن لە ڕووی سنوورداریيە شوێنییەکان بەپێی خەمڵاندنی دەسەڵاتی ژینگەیی.

**ماددەی ( ١٢):**

سەبارەت بە گشت دوورییەکان کەلەم ڕێنماییەدا هاتوون، شیاوی گۆڕینن بە هەماهەنگی لە نێوان فەرمانگەکانی ژینگە لە پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکانی سنووری فەرمانگەکانیان.

**ماددەی ( ١٣):**

دەسەڵاتی ژینگەیی لە کاتی پێویست دەتوانێت ڕێژەی سەوزایی وەکو خۆی جێبەجێ بکات، یان لەبری سەوزکردن بەدووهێندە ئەژمار بکات بەمەرجێک بە لایەنی کەمەوە پرۆژەکانی پۆلینی (ا،ب) لە (٥٠٪) لە ناو ڕووبەری پرۆژەکە بێت و بۆ پرۆژەکانی پۆلینی (ج) دەکرێت وەک خۆی یان وەک پرۆژەی لە بری سەوزکردن بەدووهێندە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت .

**ماددەی ( ١٤):**

دیوار یان سەربانی سەوزکراو لە کاتی دامەزراندنی پرۆژەکە بە ڕێژەی (٢٥٪) ڕووبەری سەوزکراوی پرۆژەکە ئەژمار دەکرێت.

**ماددەی ( ١٥):**

دورییەکان کە لەم ڕێنماییەدا هاتووە لە سنوری دیواری دەرەوەی شوێنی چالاکی ئەژمار دەکرێت لە سنوری زەوی تەرخانکراو بۆ دامەزراندنی پرۆژەکە.

**ماددەی ( ١٦):**

بە دەستهێنانی ئەم مەرجانەی لەم ڕێنماییەدا هاتوون، جێگرەوە نین بۆ ئەو مەرجانەی پێویستە لەکاتی جێبەجێکردنی چالاکییەکاندا هەبن بە پێی هەر یاساو ڕێنماییەکی تر کە بەرکارن.

**ماددەی ( ١٧):**

دەسەڵاتی ژینگەیی دەتوانێ مەرجەکانی دووری هەڵاوێردن (إستثناء) بکات بۆ ئەو پرۆژانەی کە پێویستە لە ناوچەی پیشەسازی دابمەزرێن.

**ماددەی ( ١٨):**

سەبارەت بەو پرۆژانەی لەناوچە شاخاوییەکان ئەنجام دەدرێن، پێویستە کار بە ٥٠٪ ی ئەو ماوەو دووریانە بکرێت کە لەم رێنماییەدا هاتووە، بۆ دیاریکردنی ناوچەی شاخاویش دەسەڵاتی ژینگەیی بڕیاری لەسەر دەدات.

**ماددەی (١٩):**

هەندێک لە پرۆژەکانی پۆلینی (ج) کاریگەری زۆری هەیە لە سەر پیسبوونی ژینگە، ئەگەر پێویستی بە ئامادەکردنی ڕاپۆرتی هەڵسەنگاندنی کاریگەریی ژینگەیی و دانانی یەکەی چارەسەری ئاوەڕۆ هەبوو، ئەوا سەرجەم بەراییەکانی پرۆژەکە دەنێردرێت بۆ دەستەی ژینگە بۆ بڕیاری پێویست .

**ماددەی (٢٠):**

ڕەزامەندی ژینگەیی بە هەڵوەشـاوە دادەنرێت لەکاتی هەر گۆڕانکارییەك لە نەخشـە یان سـایت پلان یاخود ڕووبەری پەسەندکراوی پرۆژە.

**ماددەی (٢١):**

ڕێنمایی پۆلێنی پرۆژەکان و ڕەزامەندی ژینگەیی ژمارە (٣) ی سـاڵی (٢٠٢٢) ی دەسـتەی پاراسـتن و چاککردنی ژینگە لە هەرێمی کوردستان هەڵدەوەشێتەوە.

**ماددەی (٢٢):**

کار بەهیچ ڕێنماییەکی دیکە ناکرێ پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم ڕێنماییە بێت.

**ماددەی ( ٢٣ ):**

ئەم ڕێنماییە لە ڕۆژی بڵاوبوونەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) کاری پێدەکرێت.

**ئەندازیار**
**عبدالرحمن صدیق**
**سـەرۆکی دەستە**

**وەزارەتی داد**

**ژمارە: ٥٧٨ لە ٢٠٢٤/١/٣٠**

**بەیانی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٤**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە ماددەی (٩) لە یاسای وەزارەتی داد ژمارە (١٣)ی ساڵی ٢٠٠٧ ،وە لەبەر بەرژەوەندی گشتی بڕیارماندا بە :

١- گۆرینی (**جێگرایەتی داواکاری گشــتی دەشــتی هەولێر**) بۆ (**جێگرایەتی داواکاری گشــتی بنەسڵاوە**) سەر بەپارێزگای هەولێر.

٢- ئەم بەیانە لە ڕۆژی دەرچوونی جێبەجێ دەکرێت و لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردسـتان) بڵاودەکرێتەوە .

**فەرسەت احمد عبدالله**
**وەزیری داد**

**وەزارەتی داد**

**ژمارە: ٧٣٦ لە ٢٠٢٤/٢/٨**

**بەیانی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٤**

پاڵپشت بەو دەسەڵاتەی پێمان ،وە لەبەر بەرژەوەندی گشتی بڕیارماندا بە :

١- ڕاگرتنی دەوامی فەرمی (**فەرمـانگەی دادنووســی رزگـاری**) بۆ مـاوەی سـێ ڕۆژ لە ڕێکەوتی (**٢٠٢٤/٢/١٣**) تاکو (**٢٠٢٤/٢/١٥**) بەمەبەستی گواستنەوەی فەرمانگەکەیان .

٢- ئەم بە یانە لە ڕۆژی دەرچوونی جێبەجێ دەکرێت و لە ڕۆژ نامەی فەرمی (وە قایعی کوردســتان) بڵاودەکرێتەوە .

**فەرسەت احمد عبدالله**
**وەزیری داد**